# نەتەوە و ناسیۆنالیزم

**مەریوان وریا قانیع**

### ١. سەرەتا

ئەم نووسینە تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم کۆمەڵە پرسیارە:

نەتەوە چییە؟ ئایا داهێنراوێکی کۆمەڵایەتییە یان پێدراوێکی سروشتیی؟ بەرهەمی ڕۆژگارێکی تایبەتە یاخود ئەوەتەی کۆمەڵگای بەشەری هەیە بوونی هەیە؟ ئەو دنیا ڕەمزی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییە کامەیە کە تیایدا نەتەوە لەدایکدەبێت؟ ناسیۆنالیزم چییە و چۆن و بۆ و کەی پەیدابووە؟ پەیوەندی نێوان نەتەوە و ناسیۆنالیزم چییە؟ ئایا نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئایندەیان هەیە یاخود بەشێکن لە دنیایەک ئێمە وردە وردە خەریکین ماڵئاوایی لێدەکەین؟

### ٢. نەتەوە چییە؟

یەکێک لە زەحمەترینی ئەو پرسیارانەی لەم دوو سەدەیەی دوایدا ڕووبەڕووی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوبێتەوە پرسیارە دەربارەی چییەتی نەتەوە. نەتەوە چییە و لەچی پێکدێت؟ ئەم پرسیارە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ئامادەیە و ژمارەیەک لە زانا و فەیلەسوف و لێکۆڵەرەوەی سیاسی هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیان داوە. دەرنجامی ئەم هەوڵانەش گەیشتن بووە بە کۆمەڵێک وەڵامی جیاواز و ئاڵۆز و ناکۆک. بەڕای هەندێک لێکۆڵەرەوە پرسیاری «نەتەوە چییە؟» لەزۆر ڕووەوە لەو پرسیارە ئەچێت کە دەربارەی «زەمەن» لە ئۆگستینی قەشەیانکردوە. کاتێک لەم قەشە بەناوبانگە دەپرسن زەمەن چییە، لەوەڵامدا ئەڵێت: «ئەگەر لێمنەپرسن زەمەن چییە وەڵامەکەی دەزانم، بەڵام کە بێمە سەر ئەوەی لێکیبدەمەوە زەمەن چییە، ئەوکات نازانم چی بڵێم» (Pecora 2001:1) بەهەمان شێوەیەش زۆربەمان پێمانوایە دەزانین نەتەوە چییە تا ئەوکاتەی پرسیاری ئەوەمان لێدەکەن کە نەتەوە چییە؟



هەندێک تیوریستی هاوچەرخی وەک ئانتۆنی سیمس باس لەوە دەکەن کە ڕاستە نزیکەی دوو سەدەیە نووسین و بۆچوون و دیدی جیاجیا لەسەر چییەتی نەتەوە و چییەتی ناسیۆنالیزم لە ئارادایە، بەڵام وەڵامدانەوەی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارانە و خۆ خەریککردنێکی میتۆدی و تیوری بە مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزمەوە وەک بابەتێکی سەربەخۆ، بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم، دوادەکەوێت. بەڕای سمیس ڕاستە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە گرنگییەکی زیاتر بە مەسەلەی نەتەوە و بزاوتی ناسیۆنالیزمی دراوە، بەڵام تەنها لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ئەم مەسەلانە دەبنە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زیاد لە کایەیەکی مەعریفی پێوەی خەریکدەبن.

هەر ئەم ئانتۆنی سمیسە لەوەمان ئاگاداردەکاتەوە کە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر بەدوای تیورەیەکی یەککگرتوودا بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم بگەڕێین، چونکە هەر کۆمەڵگایەک مێژوویەکی تایبەتی پرۆسەی بە نەتەوەبوونی هەیە و هەر ناسیۆنالیزمێکیش کارەکتەرێکی تایبەتی وەردەگرێت. بەباوەڕی سیمس ئەوەی نەگۆڕ و جێگیرە ئەو ڕاستییەیە کە ناسیۆنالیزم وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی داوای ئەو دەکات هەر نەتەوەیەک دەوڵەتێک و هەر دەوڵەتێک نەتەوەیەکی هەبێت .(Smith 1971,Smith 2000)

بەنەدیکت ئەندرسۆنیش، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەم ڕایەی سمیس ئەسەلمێنێت و جەغد لەوەدەکات کە ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو بابەتانەی لە ڕووی تیورییەوە لاوازە و بە درێژایی مێژووی خۆی زانا و لێکۆڵەرەوە و فەیلەسوفێکی بەرهەمنەهێناوە کە بە «فەیلەسوفی ناسیۆنالیزم» ناوببرێت. ئەندرسۆن دەڵێت لیبرالیزم، سۆسیالیزم، ئەنارشیزم، هتد.. فەیلەسوفی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام ناسیۆنالیزم ئەمەی نییە. بەڕای ئەندرسۆن تەنها لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەبنە بابەتی لێکۆڵینەوەی تیوری و دەبنە خاوەنی میتۆدی سەربەخۆ کە جیایدەکەنەوە لە بابەتە سیاسییەکانی دیکە. لای ئەندرسۆن ئەو هۆکارانەی وادەکەن ناسیۆنالیزم و نەتەوە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ببنە بابەتی سەربەخۆی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و میتۆدی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بەرپابوونی جەنگی دژی کۆلۆنیالیزم و شەڕی ڤێتنام و هاتنەکایەی بزوتنەوە نەتەوایەتی و ئەتنییەکانە، ئەمە سەرەڕای هاتنەکایەی هێمن و لەسەرخۆی پرۆسەی جیهانگیری کە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆسەر پایەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبووە و هەیە. (Anderson 1983)

لەڕاستیدا ئەم دوو ڕایە، واتە ڕاکەی ئەندرسۆن و سیمس، ئەگەر تا سەرتای هەشتاکان ڕاستبووبن، ئەوا لە ئێستادا ڕاست نیین، لە بیست ساڵی ڕابووردودا ژمارەیەکی هێجگار زۆر

کتێب و نووسین و بڵاوکراوەی جیا جیا لەسەر مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم نووسراون، کە دۆخێکی زانستی و فیکری و میتۆدی جیاوازیان هێناوەتە کایەوە. ئەندرسۆن و گێلنەر و سمیس و هۆبزباوم لە دیارترینی ئەو نووسەرانەن کە لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم نووسیویانە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە لێکۆڵینەوەی میتۆدیانەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم زەحمەتدەکات مەسەلەی قورسی پێناسەکردنی ئەو چەمکە سەرەکیانەیە کە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستییانەی ئەم دوو دیاردەیە گرنگن، لەپێش هەمووشیانەوە پێناسکردنی چەمکی نەتەوە و چەمکی ناسیۆنالیزم خۆیان. تا ڕۆژی ئەمڕۆمان ناکۆکیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو بۆچوونە جیاوازانەدا کە دەخوازن ئەم دوو چەمکە پێناس بکەن و مانا و سەرچاوە و ڕۆژگاری دورستبوون و ئایندەیان دەستنیشانبکەن. لێرەدا و بۆ خۆپاراستن لەهەر تێکەڵوپێکەڵییەکی تیوری و بۆ نەکەوتنە ناو فەوزایەکی میتۆدیەوە، هەوڵئەدەم گرنگترینی ئەو هێڵە تیورییانە لەیەکدیجیابکەمەوە کە لەسەر دیاردەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەئارادان.

ئەنتۆنی سمیس، کە یەکێکە لە تیوریستە بەناوبانگەکانی ناسیۆنالیزم، باس لەوەدەکات کە دەشێت دوو کۆمەڵە تیورەی سەرەکی دەربارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لێکجیاکەینەوە: (Hutchinson & Smith 1994: 5)

یەکەمیان ئەو کۆمەڵە تیورییەیە کە نەتەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە بوون و ئامادەگی کۆمەڵێک هۆکار و مەرج و پێدراوی بابەتییەوە دەبەستێتەوە.

دووهەمیان ئەو تیوارانەن کە نەتەوە بە بەرەنجامی بوون و ئامادەگی کۆمەڵێک فاکتەری خودی، زاتییەوە، دەبەستێتەوە.

یەکەمیان بە «تیورە بابەتییەکان»ی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ناودەبرێن و دووهەمیشیان بە «تیورە خودییەکان». کەوابوو لای سمیس دەشێت دوو جۆر تیورە لەیەکدی جیابکەینەوە: «تیورەی بابەتی» بەرامبەر بە «تیورەی خودیی».

«تیورە بابەتییەکان» نەتەوە وەک دەرنجامی هاتنەکایەی کۆمەڵێک هۆکاری بابەتییانە دەبینن، گەر ئەم هۆکار و مەرجە بابەتیانە ئامادەنەبوون ئەوکات نەتەوە بوونی نییە، کە ئامادەشبوون لەگەڵی اندا نەتەوەش ئامادەیە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو مەرجە بابەتیانە بریتین لە بوونی سەرزەمین و زمان و کولتوور و مێژوو و ئەتنیەتی هاوبەش. فەیلەسوفی ئەڵمانی هێردەر بە باوکی ئەم تێڕوانینە بابەتییە بۆ نەتەوە ناودەبرێت.



«تیورە خودییەکان» نەتەوە وەک دەرەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری خودی دەبینن، واتە بوونی نەتەوە نابەستنەوە بە بوون و ئامادەگی کۆمەڵێک هۆکار و پێدراو و مەرجی بابەتییەوە. ئەو هۆکارە خودییانەش کە ئەم کۆمەڵە تیورەیە باسیدەکەن بریتین لە بوونی ئیرادە و یاداوەری و پەژارە و شادی و تێکشکان و ڕەمزی هاوبەش. فەیلەسوفی فەرەنسی ئارنست ڕینان بە باوکی ئەم کەلەپوورە فیکرییە دادەنرێت.

لە دیدی یەکەمیاندا نەتەوە شتێکە فاکتەرە بابەتییەکان پێماندەدەن، واتە شتێکی پێدراوە، بەڵام لە دووهەمیاندا نەتەوە بوونێکی دروستکراوە کە ئیرادەیەکی سیاسی دروستیدەکات نەک مەرجی بابەتی بەرهەمیبهێنێت. لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەم دوو دیدە ئامادەن. نوێنەرەکانی دیدی بابەتی هێردەر و فیختە و نوێنەرەکانی دیدی خودیش ڕینان. لە ڕووی مێژووییەوە بۆچوونەکانی فیختە و هێردەر کۆنترن لە بۆچوونەکانی ڕینان و لەڕاستیدا بۆچوونەکانی ڕینان وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بۆچوونەکانی هێردەر و فیختەن و لە بنەڕەتیشدا ڕەخنەیەکی توندە لە بۆچوونەکانی ئەو دوو فەیلەسوفە ئەڵمانییە.

جگە لەم دوو کۆمەڵە تیورەیە کۆمەڵێک تیورەی دیکە هەن کە لە سەرزەمینێکی میتۆدی و فیکری دیکەوە لە مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ڕادەمێنن. ئەم کۆمەڵە تیورەیە تەماشای فاکتەرە بابەتی و خودییەکانی دروستبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ناکەن، نەتەوە و ناسیۆنالیزم بە بوون و ئامادەیی کۆمەڵێک مەرجی بابەتی و خودییەوە نابەستنەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی قسە لە کێشەکانی مۆدێرنە و ئەتنیەت، پەیوەندی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بە مۆدێرنە و بە گروهە ئەتنییەکانی بەر لە مۆدێرنەوە دەکەن. لەم کەلەپوورە فیکرییەیاندا هەندێک تیورە هەن کە نەتەوە بە بەرهەمی ڕۆژگاری مۆدێرنە دەزانن و پێیانوایە بەر لە مۆدێرنە شتێک نییە ناوی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بێت. واتە نەتەوە و ناسیۆنالیزم وەک بوونەوەری نوێ دەبینن و بە بەردەوامی گروهەکانی بەر لە خۆییانی نازانن. ئەم تیوریستانە بە «مۆدێرنیستەکان» ناسراون و ئارنست گێلنەر و بەنەدیکت ئەندرسۆن و ئێریک هۆبزباوم لە دیارترین نوێنەرەکانین.

دووهەمیان کۆمەڵە تیوریستێکی دیکەن کە ڕایان وایە نەتەوە و ناسیۆنالیزم دیاردەی دێرین و بەر لە مۆدێرنەش ئامادەبوون، بەڵام لە فۆرمی گرووپی ئەتنی و کولتووریدا . ئەم تیوریستانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە فۆرمی ئامادەگی گروهەکان لە دێریندا فۆرمێکی نەتەوەیی نەبووە، بەڵام دواتر نەتەوە لەسەر بناغەی ئەو گروهە ئەتنی و کولتورییانە دروستبووە کە پێشتر ئامادەبوون. بە مانایەکی دیکە ناکرێت نەتەوە وەک بوونەورێکی نوێ ببینین بەڵکو دەبێت وەک بەردەوامی ئەو گروهە ئەتنیانەیە ببینین کە پێشتر لە ئارادابوون. ئەنتۆنی سمیس و

ئەنترۆپۆلۆژی بەناوبانگ کلیفۆرد گیرتز دیارترین نوێنەرانی ئەم دیدەن بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم. ئێستا با بەشێوەیەکی درێژتر باس لەو تیورە جیاوازانە بکەین.

**٣. تیورەی «بابەتی» و تیورەی «خودیی» لە بنیادنانی نەتەوەدا**

با سەرەتا لە تیورییە بابەتییەکانەوە دەستپێدەکەین و دواتر دەگەڕێینەوە سەر تیورە خودییەکان.

**١.٣: تیورە بابەتییەکان: هێردەر و ستالین**

لە تیورە بابەتییەکاندا لەدایکبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم وابەستەی ئامادەبوونی کۆمەڵێک مەرج و پێدراوی بابەتیین، نەبوونی ئەو مەرج و پێداویستییانە مانای نەبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم. لێرەدا بۆ ئەوەی بە کۆمەڵە خەڵکێک بگوترێت نەتەوە و بەبزاوتە سیاسییەکەشی بگوترێت ناسیۆنالیزم، دەبێت ئەو کۆمەڵە خەڵکە کۆمەڵێک مەرجی بابەتیان تێدابێت وایانلێبکات بیانکات بە نەتەوە، بەبێ بوونی ئەو مەرجانە ناتوانین پێیان بڵێین نەتەوە و ناتوانین بزوتنەوەکەشیان بە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی لە قەڵەمبدەین. بێگومان تیورە بابەتییەکان تیورەی هەمەجۆرن و هەریەکێکیشیان پێ لەسەر بوون و ئامادەگی کۆمەڵێک پێدراوی بابەتی تایبەت دادەگرێت.

فەیلەسوفی ئەڵمانی فیختە (١٧٦٢-١٨١٤) یەکێکە لەو تیوریستانەی نەتەوە بە بوونی «یاسایەکی بابەتییەوە» گرێدەدات، نەتەوە لای فیختە وابەستەی یاسایەکە کە بوونێکی سروشتی هەیە و لەدەرەوەی ویست و ئیرادەی تاکەکەس و گروه و کۆمەڵەکاندایە. ئەم یاسایەش «یاسایەکی سروشتی پیرۆز و نەمر و هەمیشەییشە» و نەتەوە لە بوونی ئەم دۆخە یاساییە سروشتییەوە گەشەدەکات (Pecora:2001: 22) بە مانایەکی دیکە نەتەوە شتێک نییە دروستبکرێت، بوونێکی کاتی و مێژوویی نییە، بەڵکو شتێکی سروشتییە. بەشێکە لە بوونی سروشتییانەی ئینسان و سروشت خۆی یاساکانی ئەم بوونەی ڕێکخستوە. لێرەوە وەکچۆن یاسا سروشتییەکان لەدەرەوەی ویست و ئیرادەی ئینساندان و پابەستی بوون و نەبوونی ئەم یان ئەو مەرجی تایبەت نین، واتە یاسای بابەتین، ئاواش نەتەوە وابەستەی ئەو یاسا سروشتییانەیە کە لە بوونی ئینسان خۆیەوە وەک بوونەوەرێکی ناو سروشت سەرچاوەدەگرێت.

ئەم تێڕوانینەی فیختە بۆ نەتەوە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی هێردەردایە کە بیست ساڵێک بەر بەر لە فیختە لەدایکبووە.



هێردەر (١٧٤٤- ١٨٠٣) لە باسکردنی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا پێ لەسەر بوونی «کولتووورێکی هاوبەش» دادەگرێت کە بەرجەستەکەری «ڕۆحی نەتەوە»یە. لەڕاستیدا چەمکی «ڕۆحی نەتەوە» گرنگترین چەمکێکە ئەم فەیلەسوفە دایهێنابێت و دواتریش لای زۆربەی ناسیۆنالیستەکان لەژێر ناوی جیاجیادا وەک هەقیقەتێکی ڕەها مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لەدیدی هێردەردا «ڕۆحی نەتەوە» ڕۆحێکی بابەتییە و ئەو هێزەیە کە نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە. ئەم ڕۆحەش لە کولتووری نەتەوەییدا بەرجەستەیە، ئەم کولتوورەش لە زمان و ترادیسیۆن و کەلەپوورو داهێنانە نەتەوەییەکاندا جێگیرە و وابەستەی بوون و ئامادەگی ئەو نەتەوەیە لە جیهاندا. هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە ڕۆحێکی تایبەت بە نەتەوە دەبەخشن کە جیاوازە لە ڕۆحی نەتەوەکانی دیکە (Pecora 2001:23-24).

ئەم پێداگرتنە لەسەر بوونی ڕۆح یان کولتوورێکی هاوبەش وەک بوونێکی بابەتی لای هەندێک تیوریستی دیکەش ئامادەن، بەڵام کۆمەڵێک هۆکار و پێدراوی بابەتی دیکەی بۆ زیاد دەکرێت و بە کۆمەڵێک هەلومەرج و پێدراوی دیکەوە گرێدەدرێت. دواتر لە باسکردنی تیورەی نەتەوەدا لای ستالین دەگەڕێینەوە سەر ئەم مەرجە بابەتییانە.

هێردەر قوتابی فەیلەسوفی بەناوبانگ ئیمانوێل کانت بووە و لەوەوە بیرۆکەی سەروەری، واتە سیادە، و بیرۆکەی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمبوونی ئەخلاقی وەردەگرێت. لای کانت ئەم بیرۆکانە هیچ مانایەکی ناسیۆنالیستانەیان نییە و پەیوەنیان بە تاکەکەس و ژیانی تاکەکەسییەوە هەیە. واتە کانت باس لە سەربەخۆبوون و بێوێنەیی و تایبەتمەندێتی تاکەکان دەکات، باس لەوە دەکات کە تاکەکەس بوونێکی سەروەری هەیە و دەبێت بپارێزرێت، باس لە گرنگی سەربەخۆبوون و ئۆتۆنۆمبوونی ئەخلاقی و عەقڵی دەکات. جگە لەمانە کانت لەڕووی سیاسییەوە پیاوێکی کۆسمۆپۆلیت و جیهان نیشتیمانی بووە، بیری لە جیهان وەک گشتێکی سیاسی یەکگرتوو کردۆتەوە. بەڵام هێردەر بەشێکی زۆری چەمکانەی کانت لە ئاستی قسەکردنەوە لەسەر تاکەکەس دەگوازێتەوە بۆ ئاستی قسەکردن لەسەر بوونی کۆیی و دەستەجەمعی، بۆ ئاستی قسەکردن لەسەر نەتەوە (Berlin. 1996: 232-248).

لەم گواستنەوەیەدا هێردەر باس لە گرنگی سەربەخۆبوونی نەتەوەیی و بێوێنەیی و تایبەتمەندێتی نەتەوەکان دەکات. پێداگرتن لەسەر ئەم مەسەلانە هێردەر بەرە و ئەوەدەبات باس لە بوونی «ڕۆحی نەتەوە» بکات کە ڕۆحێکە بێوێنە و تایبەت بە هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان. وەک ووتمان ئەم ڕۆحە لەناو کەلەپور و ئەفسانە نەتەوەییەکاندا جێگیرە و سنووری سەردەم و ڕۆژگارە جیاوازەکان دەبڕێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگواسترێتەوە. بەباوەڕی هێردەر وەک چۆن مناڵ شیری دایکی وەردەگرێت بەهەمان شێوە ئەم ڕۆحە

نەتەوەییەش بە کۆی ئەفسانە و کولتوور کەلەپوورەوە وەردەگرێت و وەک ئەندامی ئەو نەتەوەیە لەگەڵیاندا گەورە دەبێت..(Pecora 2001:88)

بەر لە هێردەر ڕۆسۆ شوناسی سیاسیی هەر گروهێک یان نەتەوەیەک لە نەتەوەکان لە حکومەتێکی سەربەخۆی گشتیدا جێگیردەکات، واتە ڕۆسۆ بوونێکی سیاسی بە شووناسی نەتەوەیی دەبەخشێت نەک کولتووریی، کەچی هێردەر ئەم شوناسە سیاسییە زۆر بە توندی بە کولتوورێکی گشتییەوە گرێدەدات و هەر لەوێشدا جێگیردەکات. لێرەوە زۆرن ئەوانەی هێردەر بە باوکی ئەو بۆچوونە ناودەنێن کە نەتەوە بە کولتوور یەکسان دەکات، یاخود نەتەوە و کولتوور بەیەکدی یەکساندەکات (هـ. س. پ ل ٧٨).

هێردەر بەڕادەیەک باوەڕی بەوە بووە کە هەر نەتەوەیەک ڕۆحێکی سەربەخۆی هەیە و هەر نەتەوەیەک دنیایەکی ناوەکی تایبەتی و کاراکتەری خۆی هەیە، باوەڕی بەوە نەبوو کە هێزە کۆلۆنیالیستەکەکان بتوانن کولتووری ئەوروپی بۆ ئەو شوێنانە بگوێزنەوە کە داگیریاندەکەن. لە ڕاستیدا هێردەر ئەم کارەشی پێباش نەبووە وەک کارێکی نائەخلاقی تەماشای کردوە. ئەو پێیوابووە دەستخستنە ناو کولتووری نەتەوەیەک وەک دەستخستنە ناو ڕۆحی ئەو نەتەوەیە وایە، ئەمەشی وەک دژایەتیکردنی یاسا سروشتییەکانی بوونی ئینسان وێناکردوە.

وێنەی هێردەر بۆ نەتەوە لە وێنەی خێزانەوە سەرچاوەی گرتووە،نەتەوە خێزانە بەڵام بە گەورەیی. بە مانایەکی دی هێردەر نەتەوەی وەک بەردەوامی و وەک گەشەکردنی خێزان دەبینی. خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەم خێزانە گەورەیە خاوەنی یەک کارەکتەری گشتییە کە لەنەتەوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە. ئەم کارەکتەرە گشتییەش کارکتەرێکی نەتەوەیی بابەتی پێشتر پێدراوە و وابەستەی هیچ سیستم و دەزگا و ڕژێمێکی سیاسی نییە (Pecora 2001:87)

ئەو بۆچوونانەی سەرەوە ئەوە دگەیەنن کە هێردەر باوەڕی وابووە کە ئەم کاراکتەری گشتیی نەتەوەیی کاراکتەرێکی نەگۆڕە و ڕژێمە سیاسییە جیاوازەکان ناتوانن دەسکارییبکەن، چونکە بوونی ئەم کاراکتەرە پەیوەندی بە هەلومەرج و ڕۆژگار و سەردەمە جیاوازەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بوونی زمانێکی هاوبەش و سەرزەمینێکی هاوبەشەوە هەیە کە ناگۆڕێن. هێردەر کولتووری نەتەوەیی بە درەختێک ئەچوێنێت کە ڕەگەکانی توند و قووڵ بە ناو سەرزەمینی نەتەوەییدا ڕۆچووە. هەر ئەم ڕەگە قووڵ ڕۆچوانەشە لای ئەم فەیەلەسوفە کە ناسیۆنالیزم دروستدەکەن (Weerenburg 1997: 39). بە مانایەکی دیکە هێردەر نەتەوە بە پێدراوێکی کولتووری و سروشتی دەزانێت کە ڕەگەکانی بە سەرزەمین و زمان و مێژووی ئەو نەتەوەیەدا ڕۆچووە. وەکچۆن درەخت پێدراوێکی سروشتییە، ئاواش نەتەوە و ناسیۆنالیزم



پێدراوی سروشتین و وابەستەی ئەوەن کە ئینسان بوونەوەرێکی سەرزەمینییە. لێرەوە پرسیاری ئەوەی نەتەوە لە چ سەردەم و زەمانێکدا دروستبووە دەبێتە پرسیارێکی بێمانا چونکە بوونی نەتەوە و بوونی کولتوور و بوونی زمان و بوونی ئینسان بەزەحمەت لەیەکدی جیادەکرێنەوە، نەتەوەش بەقەد هەریەکێک لەو ڕەگەزانە کۆنە.

بێگومان زۆرن ئەوانەی لەگەڵ هێردەردا ناکۆکن و لە قسەکردنیاندا لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم و کولتووری نەتەوەیی ئەم درەختە هێردەرییە لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکەنن و خودی نەتەوە و درەختەکەشی بە دروستکراوێکی مێژوویی و داهێنانێکی کۆمەڵایەتی و خەیاڵێکی سیاسی دوور لە سروشت و یاسا سروشتییەکان دادەنێن. بەداخەوە من لێرەدا مەودای ئەوەم نییە لە کۆی بۆچوونەکانی هێردەرو ئەو ڕەخنانە بدوێم کە ڕووبەڕووی ئەم فەیلەسوفە ڕۆمانسیە گەورەیە کراوەتەوە. خوێنەر بۆ ناسینی گرنگی ئەم پیاوە و ڕۆڵی ئەو لە مێژووی ناسیۆنایلزم و فیکری سیاسیدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبەی نایابەی )ڕامینی جیهانبگلو) کە چاوپێکەوتنێکی دووسەدلاپەڕەییە لەگەڵ فەیلەسوفی یەهودی ئیسایا بەرلین کە بە زمانی ئینگلیزی چاپکراوە. لەم کتێبەدا بەلین بەبەردەوامی باس لە هێردەر دەکات. (Jahanbegloo 2000)

«نووسەر»ێکی دیکە کە گرنگییەکی گەورە بە گرنگی مەرجە بابەتییەکانی دروستبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئەدات ستالینە. لێرەدا هەوڵئەدەم زۆر بە کورتی و لە بۆچوونەکانی ستالین بدوێم، کە بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونی زۆربەی ئەو تیوریستانەی دیکەشە کە نەتەوە بە مەرجە بابەتییەکانەوە دەبەستنەوە.

بە مانایەک لە ماناکان ستالین هەڵگری دیدێکی هێردەرییە و نەتەوە بە بوونی کولتوور و زمان و ترادیسیۆنی هاوبەشەوە دەبەستێتەوە، واتە ئەمیش وەک هێردەر باس لە بوونی ڕۆحێکی تایبەت بۆ نەتەوە دەکات کە بێ ئەو نەتەوە نە هەیە نە دەتوانێت دروستیش ببێت. بەڵام جیاوازی سەرەکی ستالین لە هێردەر لەوەدایە کە ڕۆحی نەتەوە لای ستالین ڕۆحێکی سەرمایەدارییە و ئابووریی سەرمایەداری و بازاڕی نەتەوەیی و عەقڵیەت و خەیاڵی بۆرجوازیەت دروستیدەکات، لەکاتێکدا لای هێردەر ئەم ڕۆحە ڕۆحێکی کولتوورییە و بەتەنها وابەستەی ئەم یان ئەو چین نییە و لە بوونی سروشتیانەی ئینسان و بوونی زمانەوە دروستدەبێت. بۆیە لای ستالین کۆتاییهاتنی سەرمایەدرای کۆتایهاتنی ئەم ڕۆحەشە، لەکاتێکدا لای هێردەر ئەم ڕۆحە ئەبەدییە و هەرگیز لەناوناچێت.

ستالین لە کتێبی (مارکسیزم و مەسەلەی نەتەوایەتیدا) دەخوازێت بەشێوەیەکی بەرفراون وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە نەتەوە چییە؟ لە وەڵامدا دەنوسێت: «نەتەوە بە پلەی یەکەم

بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێک. کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو و جێگیر و نیشتەجێ. ئەم کۆمەڵە خەڵکە نە کۆمەڵەیەکی ڕەگەزییە، نە کۆمەڵەیەکی خێڵەکیش» (Hutchinson & Smith 1994: 18). کە واتە ستالین نەتەوە بە کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەت ناونووس دەکات کە جێگیرە، واتە گەڕۆک و کۆچەری نین و لەشوێنێکدا نیشتەجێن، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەی نیشتەجێیکردوون و بەیەکەوە کۆیکردوونەتەوە ئەوە نییە هەموویان سەر بە ڕەگەزێکی تایبەت بن یان ئەندامبن لە یەک خێڵدا. ستالین دەیەوێت بڵێت «هاوڕەگەزی» و «هاو خێڵی» مەرجی ناونانی کۆمەڵە خەڵکێکی نیشتەجێ و جێگیر نین بە نەتەوە. بۆئەوەی ئەم بۆچوونەش بسەلمێنێت نموونەی ئەو نەتەوانە دەهێنێتەوە کە هاوڕەگەز نین و لە خێڵی جیاجیاش دروستبوون، ستالین لەم بارەیەوە دەنووسێت: «نەتەوەی هاوچەرخی ئیتالی لە ڕەگەزی ڕۆمانی و تیوتۆنس و ئیتروسکان و یۆنانی و عەرەب و هی دیکە دروستبوون. نەتەوەی فەرەنسیش لە گاولس و ڕۆمان و بریتۆن و تیوتۆنس و هیدیکە دروستبوون» ( هـ. س. پ ل٨١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەشێت نەتەوە هەبێت بەڵام مەرجنییە ئەندامەکانی سەر بەیەک ڕەگەزبن، یان هاوخێڵبن و پەیوەندی خوێن بەیەکدییانەوە کۆبکاتەوە. یان هاوڕەگەزی و هاوخێڵی مەرجی دروستبوونی نەتەوە نین.

کەواتە نەتەوە کۆمەڵەیە، بەڵام نە کۆمەڵەیەکی هاوڕەگەز و نە کۆمەڵەیەکی هاوخێڵە. ئەی کەوابوو چییە؟

ستالین لە وەڵامدا دەڵێت نەتەوە «کۆمەڵەیەکی مێژووییە». ڕەنگە شتێکی باش بێت لێرەدا خوێنەر لەوە ئاگاداربکەینەوە کە «ڕەگەز» و «خێڵ» زۆرجار وەک دەزگا و پێدراو و پەیوەندی سروشتی پێناسەدەکرێن لەکاتێکدا ستالین نەتەوە وەک پێکهاتێکی سروشتی نابینێت، ئەو دەیەوێت بڵێ کە نەتەوە لە مێژوودا دروستدەبێت، یان مێژوو دروستیدەکات. نەتەوە کۆمەڵەیەکی مێژووکردە. بەمانایەکی دیکە ئەوەی لای ستالین نەتەوە دروستدەکات مێژووە، کۆمەڵێک مەرج و پێدراو و پێشینەی مێژوویین نەک بوونی پەیوەندی هاوڕەگەزی و هاوخێڵی.

بەڵام هەمو کۆمەڵەیەکی مێژووکرد نابێتە نەتەوە. ستالین بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە نموونەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان دەهێنێتەوە و دەڵێت ئەو ئیمپراتۆریەتانە کۆمەڵەی مێژووکردبوون، واتە هەلومەرج و سەردەم و ڕۆژگارێکی دیاریکراو دروستیکردبوون، زیاد لە ڕەگەز و گروپ و خێڵێکی جیاوازیشیان تێدابووە، بەڵام نەتەوە نەبوون. لە دیدی ستالیندا ئیمپراتۆریەتەکان بریتیبوون لە کۆی چەندان گروپی کاتی کە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ بەیەکدییەوە نەیبەستبوونەوە و مەسەلەی پێکەوەبوون و لێکیجیابوونەوەی ئەو گروپ و ڕەگەز و خێڵانەی ناو ئیمپراتۆریەتەکە وابەستەی سەرکەوتن یان تێکشکانی ئەم یان ئەو پادشا و میر و سەکردە بووە ( هـ. س. پ ل٨١). نەک ئەوەی پێکەوەبوونێک بوبێت کە لە پشتییەوە کۆمەڵێک



هۆکار و مەرجی بابەتی ئامادەبن و نەهێڵن لێکهەڵوەشێتەوە و پارچەپارچەببێت. ئەمەش بە پێچەوانەی نەتەوەیە کە کۆمەڵەیەک نییە کاتی بێ و بەشێوەیەکی خێرا قابیلی تواندنەوە و لەناوچوون و هەڵوەشاندنەوە بێت. نەتەوە، ستالین ئەنووسێت «کۆمەڵەیەکی جێگیر و پتەوە لە خەڵک» (هـ. س. پ ل٨١)..

کەواتە سیفەتی یەکەمی نەتەوە سیفەتی پتەوبوون و جێگیرییەتی، ئەوە نییە بەویستی ئەم یان ئەو ئەمیر و پادشا و سەرۆک خێڵ لەبەریەکدی هەڵوەشێتەوە. یان کە فلان یان فیسار جەنگ دۆڕا یان برایەوە ئیدی لەناوبچێت یان دروستببێت. .

بەڵام داخۆ هەموو کۆمەڵەیەکی «پتەو» و «جێگیر» نەتەوەیە؟ ستالین لەوەڵامدا دەڵێت نەخێر. بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی پتەو و جێگیر ببێت بە نەتەوە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدابێت:

١ـ زمانێکی هاوبەشی هەبێت. واتە مەرجی گۆڕانی کۆمەڵە خەڵکێکی جێگیر و پتەو بۆ نەتەوە بوونی زمانێکی هاوبەشە لەنێوان ئەو خەڵکەدا. بەڵام لە هەمانکاتدا ستالین دەنوسێت کە بوونی زمانێکی هاوبەش مانای ئەوە نییە کە هەمیشە ی نەتەوەیەکی دیکە جیاییە. نەتەوە جیاجیاکان هەمیشە و لە هەمووشوێنێکدا بە زمانی جیاواز قسەناکەن، یان هەموو ئەوانەی یەک زمانیان قسەکرد بەپێویست سەر بە یەک نەتەو نین. دەشێت دوو نەتەوەی جیاواز هەبن بەڵام هەردووکیان بە هەمان زمان قسەبکەن، وەک نەتەوەی ئەمریکی و نەتەوەی ئینگلیزی کە دوو نەتەوەی جیاوازن بەڵام هەردووکیان بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن. بەڵام ستالین باوەڕی وایە هیچ نەتەوەیەک نییە بە زیاد لە زمانێک قسەبکات، هەر نەتەوەیەک دەبێت زمانێکی تایبەتی هەبێت. (ئەم بۆچوونەی ستالین ڕاست نییە، دواتر نیشانیئەدەین لەبەرچی). بەڵام بۆ نەتەوەی ئینگلیز و نەتەوەی ئەمریکی، کە هەردووکیان بەیەک زمان قسەدەکەن، دوو نەتەوەی جیاوازن؟ بۆ یەک نەتەوە نین؟ ستالین لەوەڵامدا باس لە مەرجی دووهەمی دروستبوونی نەتەوە دەکات کە بریتییە لە:

٢ـ بوونی سەرزەمینێکی هاوبەش کە نەوە جیاوازەکانی نەوە نەتەوەیە تیایدا پێکەوە ژیابن. کەواتە ئینگلیز و ئەمریکا بۆیە نابنە یەک نەتەوە، گەرچی هەردووکیان بەیەک زمان ئەدوێن، چونکە لە یەک سەرزەمیندا ناژین و یەک نیشتیمانیان نییە. هەریەکێکیان نیشتیمانی سەربەخۆی خۆی هەیە. ستالین دەنوسێت «جیاوازیی لە سەرزەمینی نیشتەجێبووندا نەتەوەی جیاواز دروستدەکات». بەڵام بوونی «سەرزەمینی هاوبەش» و بوونی «زمانی هاوبەش» و بوونی «جێگریی پتەو» و «نیشتەجێبوون» بەتەنها بەس نین بۆئەوەی نەتەوە دروستبکەن. ستالین مەرجێکی دیکە دەخاتە پاڵ ئەو مەرجانە و دەڵێت:

٣ـ دەبێت پەیوەندییەکی ئابووری ناوەکی هاوبەش هەبێت کە بەشە جیاوازەکانی نەتەوەیەک بە یەکدیەوە گرێبدات. بە مانایەکی دیکە بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک کە نیشتەجێن و کاتی نین بە یەک زمان دەدوێن و لە یەک سەزەمینی هاوبەشدا دەژین، بتوانن بەخۆیان بڵێن نەتەوە، دەبێت «ژیانێکی ئابووری هاوبەشیان» هەبێت. بەبێ بوونی ئەم پەیوەندیە ئابوورییە هاوبەشە کە پارچە جیاجیاکانی نەتەوەیەک بەیەکەوە گرێبدات ناکرێت قسە لە بوونی نەتەوە بکەین.

دوای دەستنیشانکردنی ئەو سێ مەرجەی سەرەوە ستالین مەرجێکی دیکە بۆ دروستبوونی نەتەوە زیاد دەکات و دەنووسێت:

٤ـ بوونی پێکاهتێکی سایکۆلۆژی هاوبەش کە خۆی لە بوونی کولتوورێکی هاوبەشدا بەرجەستەبکات، مەرجێکی دیکەی درووستبوونی نەتەوەیە.

بێگومان ئەم مەرجی چوارەمەی بە نەتەوەبوون لەناو تیورەکەی ستالیندا زۆر گرنگ نییە، چونکە ئەوەی بە سەرەتاکانی بیری مارکسیزم ئاشنابێت ئەو ڕاستییە دەزانێت کە «سایکۆلۆژیای هاوبەش» ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامی بوونی ژیانێکی ئابووری هاوبەشە. بۆیە گەر ژیانی ئابووری هاوبەش هەبێت ئەوکات هاتنەکایەی سایکۆلۆژیا و کولتووری هاوبەش دەرەنجامێکی لۆژیکی ئەو هاوبەشییە ئابوورییەن.

لە ژێر سایەی ئەو چوار مەرجەی سەرەوەدا ستالین نەتەوە بەم شێوەیە پێناسەدەکات : نەتەوە بریتییە لە «کۆمەڵەیەکی مێژوویی پتەو و جێگیر کە زمان و سەرزەمین و ژیانی ئابووری وسایکۆلۆژیای هاوبەشیان هەیە کە لە کولتوورێکی هاوبەشدا تەعبیری لەخۆی کردوە».

بە باوەڕی ستالین هەر کۆمەڵەیەک لەهەرشوێنێکدا یەکێک لەو چوار مەرجەی تێدانەبوو ناتوانێت بەخۆی بڵێت نەتەوە. نەتەوە دەرەنجامی پێکەوە کۆبوونەوەی ئەو چوار مەرجە تایبەتەیە بەیەکەوە و تەنها و تەنها لەوکاتەدا دروستدەبێت کە هەموو ئەم مەرجانە پێکەوە ئامادەبن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیەش ستالین نموونەی جولەکەکان دەهێنێتەوە و دەڵێت ناتوانین بە جولەکە بڵێین نەتەوە چونکە ئەم چوار مەرجەیان بەسەریەکەوە تێدا نییە. ئاشکرایە جولەکە نیشتیمانی هاوبەش و ئابووری هاوبەش و زمانی هاوبەشیان نییە، ئەوەی وەک هاوبەشێک هەیانە ئاینە، بەڵام لە تیورەکەی ستالیندا شوێنێک بۆ ئاین وەک هێزێک بۆ دروستکردنی نەتەوە نادۆزینەوە. ستالین دەخوازێت لەڕێی پێداگرتن لەسەر ئەو چوار مەرجەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بڵێت کە ناکرێت نەتەوە لەسەر بنەمای ئاین دروستببێت. (دروستبوونی پاکستان لەسەر بنەمای ئیسلام و ئیسرائیل لەسەر بنەمای ئاینی جولەکە و ئێران لەسەر بنەمای شیعەگەرایی هێمای کورتبینی ئەم دیدە ستالینیە نیشانئەدەن).



بە بۆچوونی ستالین پێکەوەکۆبوونەوەی ئەو چوار مەرجەی سەرەوە بۆ دروستبوونی نەتەوە تەنها لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەتدا فەراهەمدەبێت، کە قۆناغی سەرمایەدارییە وەک سیستمێکی ئابووریی تەکنیکی و هاتنەکایەی بۆرژوازی وەک هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری سەرەکی. کەوابوو نەتەوە مناڵی ڕۆژگاری سەرمایەدارییە و باوکە شەرعیەکەشی بۆرژوازیەتە. بۆیە هەرکاتێک ئەم دووانە نەمان لەگەڵیاندا نەتەوەش نامێنێت. بەواتایەکی دی نەتەوە لەم دیدەدا شتێکی مێژووکردە و وابەستەی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوە، هەمیشە و هەردەم بوونی نەبووە، بەهیچ مانایەکیش پێدراوێکی سروشتی نییە. لە دیدی ستالیندا وەکچۆن نەتەوە لە ساتێکی مێژوویی دیاریکراودا لەدایکدەبێت ئاواش لە ساتێکی مێژوویی دیاریکراویشدا کۆتاییپێدێت، واتە نەتەوە هەم سەرەتای هەیە و هەم کۆتاییش، ئەم سەرەتایە بە هاتنەکایەی سیستمی سەرمایەداری دەستپێدەکات و کۆتاییەکەشی وابەستەی کۆتاییهاتنی ئەم سیستمەیە. بێگومان ئەم دیدەی ستالین بۆ نەتەوە لە زۆر ڕووەوە قابیلی ڕەخنکردنە، ڕەنگە کێشەی هەرە سەرەکی ئەم تیورەیە لەوەدابێتکە دەتوانین چەندان نموونە بهێنینەوە کە نیشانیبدات پێویست نەکات ئەو مەرجە بابەتیانە ئامادەبن بۆ ئەوەی بە کۆمەڵە خەڵکێک بگوترێت نەتەوە. بۆ نموونە نەتەوە هەیە بە یەک زمان قسە ناکات ( وەک نەتەوەی بەلجیکی و سویسری، لە بەلجیکا بە دوو زمانی ڕەسمی قسە دەکرێت کە فەرەنسی و فلامییە، لە سویسرا بە سێ زمان قسەدەکرێت، کە ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالییە). لە ڕاستیدا وەک ڕۆستۆ دەڵێت تەنها لە نیوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی دنیادا بە یەک زمان قسەدەکرێت و ئەو یەک زمانیەش تەنها لە ٥٧٪ دانیشتوان قسەی پێدەکەن. دەنا زۆربەی نەتەوەکانی دنیا بە زیاد لە زمانێک دەدوێن (Rustow 1967: 284-287).

بۆ بوونی سەرزەمینی هاوبەشیش دەکرێت بڵێین نەتەوە هەیە لە سەرزەمینی خۆیدا ناژی و بۆ بنیادنانی شووناسی نەتەوەیی خۆی بیرۆکەی مەنفا لە بیرۆکەی نیشتیمان گرنگترە، وەک جولەکە، نەتەوەش هەیە لە یە لەک کاتدا زیاد لە سەرزەمینێکدا دەژی، وەک ئەڵمان و عەرەب. سایکۆلۆژیای هاوبەشیش وەهمێکی فیکری گەورەیە و لەهیچ شوێنێکدا بوونی نییە، بۆ نموونە چی سایکۆلۆژیای خەڵکی باشوور و باکوری ئیتالیا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە لەکاتێکدا هەردووکیشیان سەر بەیەک نەتەوەن کە نەتەوەی ئیتالییە. یان چی سایکۆلۆژیای فلامەکانی بەلجیکا و ڤالۆنەکانی بەشە فەرەنسییەکەی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، کە هەردووکیان پێکەوە نەتەوەی بلجیکی دروستدەکەن. لەناو هەر نەتەوەیەکدا هەر شار و ناوچە و گروپ و تاقمێک سایکۆلۆیایەکی تایبەتیان هەیە و قسەکردن لە سایکۆلۆژیایەکی هاوبەش ئەفسانەیەکی نازانستییە.

ئەم کتێبەی ستالین لە ساڵی ٣١٩١ نووسراوە، تا ڕادەیەکی زۆریش بەو مەبەستە نووسراوە بیسەلمێنێت کە جولەکە نەتەوە نین. بەڵام ئاشکرایە جولەکەکان دواتر بوونە نەتەوە و لە ڕاستیشدا یەکێک لە نەتەوە گرنگەکانی سەدەی بیسەتەم. ئەو هۆکارانەش کە جولەکەیان کرد بە نەتەوە ئەو مەرجانە نین کە ستالین باسیاندەکات، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەر و مەرج و بارودۆخی دیکە بوون. لەپێش هەمووشیانەوە بوونی «ئیرادەیەکی سیاسی» پتەو کە هەوڵی بوون بە نەتەوەبوون بدات. ئیرادەیەک کە کۆڵەکەکانی شانیداداوەتە سەر ئەو ئازار و پەژارە و فرمێسک و کارەساتە هاوبەش و درێژانەی جولەکە لە مێژوودا دووچاریان بووبوو، ئیرادەیەک لەباتی باس لە ئابووری و سەرزەمین و زمانی هاوبەش بکات باسی لە کۆمەڵێ ئەفسانەی ئاینیی و ویست و چارەنووس و بەڵێن و مژدەی هاوبەش دەکرد، بەتایبەت مژدەی «سەرزەمینی بەڵێنپێدراو».

دواهەمین شتێک بکرێت لەسەر ئەم کتێبەی ستالین بیڵێین ئەویە هەندێک نووسەر ڕایان وایە کە ستالین نووسەری ئەم کتێبە نییە، یان لە باشترین دۆخدا خۆی بە تەنها ئەم کتێبەی نەنووسیوە. ئەوەی ئەم کتێبەی نووسیوە یان لەگەڵ ستالیندا پێکەوە نووسیویانە، یان یارمەتییەکی زۆری ستالینی داوە بۆ نووسینی بۆخارینە (Van der Pijl 1995: 77). ستالین ئەم کتێبە لەسەر داوای لینین دەنووسێت و بۆ مەبەستی نووسینیشی دەچێت بۆ نەمسا. لەو ڕۆژگارەدا نەمسا شوێنی دیالۆگ و کێبەرکێی فیکری گەورە بووە لەسەر مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم. بۆخارین لەوکاتەدا لە نەمسا ژیاوە و ستالین بەشێوەیەکی بەردەوام بینیویەتی و سەریلێداوە، ئەوەی ئەو گومانە گەورەتر دەکات کە ستالین ئەم کتێبەی نەنووسیوە ئەوەیە ستالین ئەڵمانی نەزانیوە و نەیتوانیوە بەو زمانە لە نەمسادا کتێب و سەرچاوە نووسین لەسەر ناسیۆنالیزم بخوێنێتەوە.

ئەو نووقسانیانەی سەرەوەی «تیورەی بابەتی» لە چاپە مارکسییە ستالینیەکەیدایە وا لە ماکس ڤێبەر دەکات تیوریزەکردنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە سەرزەمینی ئەو مەرجە پێشینە بابەتییانەوە بگوازێتەوە بۆ سەرزەمینی سیاسەت و ویستی دامەزراندنی دەوڵەت (Hutchinson & Smith 1994: 25) . ڤێبەر لە باسکردنی مەسەلەی نەتەوەدا زۆربەی مەرجە پێشینەکانی ئەو تێڕوانینە مارکسییە ڕەتدەکاتەوە کە لەسەرەوە باسمانکرد، ئەو لەباتی پێداگرتن لەسەر ئابووری و کولتووری هاوبەش پێ لەسەر فاکتەرە سیاسییەکانی دروستبوونی نەتەوە دادەگرێت کە دواجار لە فۆرمی دەوڵەتدا بەرجەستەدەبێت. ڤێبەر دەنووسێت «نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵەیەکی سۆزدار کە لە دەوڵەتی تایبەتی خۆیدا بەشێوەیەکی تەواوەتی تەعبیر لەخۆی دەکات، لێرەوە نەتەوە ئەو کۆمەڵەیەیە کە خوازیاری ئەوەیە دەوڵەتێکی



تایبەت بەخۆی دروستبکات» ( هـ. س. پ ل١٢). بەستەنەوەی نەتەوە بە ئیرادەی دروستکردنی دەوڵەتەوە گواستنەوەی تیوریزەکردنی دیاردەی نەتەوەیە لە بوون و ئامادەگی هۆکارە بابەتییەکانەوە بۆ سەرزەمینی ئامادەگی ئیرادە و ویستی سیاسی. لەم ڕەوتەدا ڤێبەر باس لە گرنگی «باوەڕبوون بە چارەنووسێکی سیاسی هاوبەش» دەکات وەک هۆکارێکی هێجگار گرنگ بۆ دروستبوونی نەتەوە. ئەو باوەڕی وایە دەشێت گروهی لێکجیاواز، بەڵام هەڵگری باوەڕ بە یەک چارەنووسی سیاسی هاوبەش، ببن بە نەتەوە یان وەک نەتەوە بناسرێن. ( هـ. س. پ ١٢). وەک دەبینین لای ڤێبەر گرنگ نییە ئەو گروپانە کۆمەڵێک فاکتەری بابەتی هاوبەش پێکەوە کۆیانبکاتەوە، ئەوەی گرنگە بوونی ئیرادەیەکی سیاسی هاوبەشە کە وا لەم گروپانە بکات خوازیاری ئەوەبن پێکەوە بژین و خۆیان وەک نەتەوە وێنا و پێناس بکەن.

لەپاڵ «چارەنووسی هاوبەش»دا ڤێبەر گرنگی بە مەسەلەی یادەوەریش ئەدات، ئەو پێیوایە کە مەسەلەی هەستکردن بە بوونی «یاداوەریەکی هاوبەش» زۆر گرنگە بۆ دروستبوونی نەتەوە. بە گرنگیدانیشی بە ویست و چارەنووس و یاداوەری، ڤێبەر درێژە بە کەلەپورێک لە تیوریزەکردنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئەدات کە سەرەتاکانی لای ئارنست ڕێنانەوە دەستپێدەکات. لەم خاڵەوە دەپەڕمەوە بۆ باسکردنی هەندێک لەو تیورانە کە بە تیورەی خودی، واتە زاتی، دروستبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ناسراون.

### ٢،٣: تیورەی خودییەکانی دروستبوونی نەتەوە

بەپێچەوانەی ستالینەوە، ڕێنان لە تیوریزەکردنی نەتەوەدا پێ لەسەر کۆمەڵێک مەرجی خودیی دادەگرێت. لای ڕێنان ئەوەی نەتەوە دروستدەکات مەرجە بابەتییەکان نییە، ئەوەی نەتەوە دروستدەکات ئامادەگی کۆمەڵێک مەرجی خودین. لەڕووی مێژووییەوە بۆچوونەکانی ڕێنان دەربارەی نەتەوە وەڵامێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بۆچوونەکانی فیختە و هێردەر. ڕێنان لە دووخاڵدا دژ بە تێڕوانینەکانی ئەو دوو فەیلەسوفە ئەدوێت. خاڵی یەکەمیان ئەوەیە کە نەتەوە ڕۆحی نییە بەو مانایەی کە لەڕووی ڕەگەزەوە یەک ڕەگەز و هاوشێوەبێت، دووهەمیشیان ئەوەیە کە نەتەوە شتێکی هەمیشەیی و نەمر نییە. ڕەتکردنەوەی ئەم دوو لایەنە لە تیوریزەکردنی نەتەوەدا ڕێنان بەرەو ئەوە دەبات بیر لە کۆمەڵێک خاڵ و ڕەهەندی دیکەی دروستبوونی نەتەوە بکاتەوە کە بەر لەو ئامادەنەبوون. ڕەتکردنەوەی «ڕۆحی نەتەوە» ڕەتکردنەوەی بوونی یەک ڕەگەز و یەک کولتوور و یەک کەلەپووری بابەتی و یەکگرتوە کە ئەم ڕۆحە تێیدا نیشتەجێیە. ڕەتکردنەوەی هەمیشەییبوون و نەمریی نەتەوەش ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونانەیە کە نەتەوە وەک دیاردەیەکی سروشتی دەبینن و دەیخەنە دەرەوەی ڕێکەوت و ڕەوگە و هەلومەرجە مێژووییەکانەوە. بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ڕێنان

پێ لەسەر مەسەلەی یاداوەری و ئیرادە دادەگرێت، پێداگرتنی لەسەر ئەم دوو ڕەهەندە تایبەتەیە وایلێدەکات لە تیورەی سیاسیادا وەک نوێنەری تێگەیشتنی زاتیانەی نەتەوە بناسرێت.

لای ڕێنان (١٨٢٣-١٨٩٢) نەتەوە بریتییە، لە ڕۆحییەتێکی دیاریکراو، لە بڕیاردانی پێکەوەبوونێکی سیاسیی ئیرادەگەرانە و ویستی پێکەوەژیان، نەک شتێکی پێدراوی جێگیر و نەگۆڕ. ڕێنان بە دەستەواژەی «هاریکاری» و «ڕۆحیەتی هاریکارخواز» باس لەنەتەوە دەکات کە پێکەوە دەربڕی ئیرادەیەکی سیاسی تایبەتن کە بڕیاری پێکەوەبوون و پێکەوەژیانی داوە. هاریکاری لای ڕێنان لە دڵسوتان و بەزەییەوە نەهاتووە، بەڵکو شانیدداوەتە سەر «ووشیاریەکی مێژوویی تایبەت» (هـ.س.پ ل٥١) کە وابەستەی ئارەزوو و ئیرادە و پێداویستییەکانی تاک و گروهەکانی سەردەمێکی دیاریکراوە. لای ڕێنان ئەم ووشیارییە مێژووییە سەرچاوەی دروستبوون و ژیان و بەردەوامی نەتەوەیە. کەوابوو گەر لە ڕێنان بپرسین چی نەتەوە دروستدەکات؟ لەوەڵامدا ناڵێت: زمان و ئابووری و کولتوور و سەرزەمینی هاوبەش، وەک ستالین پێمان دەڵێت، بەڵکو دەڵێت نەتەوە ئیرادە و خەبات و ئازارچەشتن و پەژارەی پێکەوەیی دروستیدەکات. ڕێنان دەڵێت «ئازارچەشتنی پێکەوەیی، کاری پێکەوەیی، هیوای پێکەوەیی» گرنگترن لە «بەخشینی باج» پێکەوە. بە زمانێکی سادەتر بدوێین ڕێنان دەیەوێت بڵێت ئیرادەی بوون بە نەتەوە لە بوون یان نەبوونی ئابووری هاوبەش گرنگترە و ئەم بوونەش پابەستی بوونی خەم و پەژارە و ویست و هیوا و چاوەڕوانی هاوبەشە.

ئەوەی شوێنی سەرنجە لای ڕێنان ئەوەیە کە لە دروستبوونی نەتەوەدا گرنگی زیاتر بە مەسەلەی کۆست و پەژارە و خەمبارییە دەستەجەمعییەکان دەدات، تا بە شتەکانی دیکە. لەم بارەیەوە ڕێنان دەنوسێت «ئازارچەشتنی پێکەوەیی» گەورەتر و گرنگترە لە «بەختەوەری پێکەوەیی» (هـ. س. پ ل ٧١). لەبەرچی؟ چونەک «پەژارە نەتەوەییەکان کۆمەڵێک ئەرکمان بەسەردا دەسپێنن و داوای هەوڵی پێکەوەییمان لێدەکەن. نەتەوە هاریکارییەکی گەورەیە کە هەستی خۆبەختکردن و قوربانیدان دروستیکردوە، قوربانیەک کە کەسانێک هەبوون بەخشیویانە و دەبێت سەرلەنوێ ببەخشرێتەوە».

خاڵێکی دیکەی تێگەیشتنی ڕێنان بۆ نەتەوە شوبهاندنیەتی بە تاکەکەس. لای ڕێنان تاکەکەس خۆی خۆی دروستدەکات، خۆی قوربانی بۆ خۆی ئەدات و پێ لەسەر ئینتیما بۆ خۆی دادەگرێت، تاکەکەس دڵسۆزی خۆیەتی و قوربانی بۆ خۆی ئەدات بۆ گەیشتن بەو شتانەی کە دەیەوێت (هـ. س. پ ل ٧١) نەتەوەش بەهەمان شێوە بەرهەمی هەمان ئەو ڕەنجکێشانە بەردەوامەیە بەڵام لەئاستی دەستەجەمعیدا. بەمانایەکی دیکە تاکەکەس چۆن



هەوڵ بۆ پێگەیشتن و گەشەکردن و ئامانجەکانی خۆی ئەدات، نەتەوەش دەبێت هەمان کار بکات، جیاوازیان ئەوەی تاکەکەس وەک تاکەس ئەم کارە دەکات، لەکاتێکدا نەتەوە دەبێت وەک تاکەکەسێکی دەستەجەمعی ئەم کارە بکات. بەکورتی نەتەوە بەبێ کاربۆکردنێکی بەردەوام و بەبێ قوربانیدان و بەبێ هەستکردن بە ئینتیمایەکی گەورە بۆ ئەو کار و کردەوە و قوربانینایە، بەبێ دڵسۆزیی و ماندووبون نەدروستدەبێت، نە دەکرێت بشپارێزرێت.

بەڵام ئەمە کۆتایی حیکایەتی دروستبوونی نەتەوە نییە. نەتەوە بۆ دروستبوون پاراستن و مانەوەی پێویستی بە کۆمەڵێک شتی دیەکەش هەیە کە ڕێنان ناویاندەنێت «پرنسیپی کۆمەڵایەتی». ئەو پرنسیپانەش بریتین لە پێشنیارکردنی «ڕابردوویەکی پاڵەوانانە، ڕابوردووی پیاوە مەزنەکان» کە وێنەیەکی پاڵەوانئامێزی باو و باپیرانمان بۆدروستبکەن، لەهەمانکاتدا بوونی خەڵکانێکیش پێویستە لە ئێستادا خۆیان و بەخاوەنی ئەو ڕابووردوە بزانن و «ئارەزووی ئەوەبکەن ئەوشتانە، (واتە ئەو مەزنی و پاڵەوانێتییە گەورانە) بە «ئیرادەیەکی هاوبەشەوە» سەرلەنوێ دووبارەبکەنەوە» (هـ. س. پ ل ٧١). بە کورتی ڕێنان دەڵێ: «نەتەوە بریتییە لە ڕۆح، لە پرنسیپێکی دەرونی» ئەوەشی ئەم ڕۆحە و ئەم پرنسیپە دەرونییە دروستدەکات دوو شتن یەکێکیان ڕابووردوە، ئەویدیکەیان ئێستایە. یەکێکیان وابەستەی خاوەندارێتی گشتی کەلەپوورێکی درێژ و دەوڵەمەندی یاداوەرییە، ئەویدیکەیان وابەستەی قبووڵکردن و ڕازیبوونێکی هەنووکەییە، وابەستەی ئارەزوی ژیانە بەیەکەوە، وابەستەی ئیرادە و ویستی بەردەوام بەرز نرخاندنی ئەو کەلەپوورە گشتییە پارێزراوەیە... نەتەوە ڕابووردویەک دەسەپێنێت کە لەئێستادا لەڕووی کۆمەڵێک کاری ئاشکراو بەرجەستەوە خۆی تازەدەکاتەوە: ڕازیبوون، ئارەزوویەک کە بەئاشکراو ڕوونی دەردەبڕێت بۆئەوەی ئەو خێزانە گشتییە بەردەوامی پێبدرێت. بوونی نەتەوە ڕیفراندۆمێکی ڕۆژانەیە».(هـ. س. پ ل ٧١)

بەڵام داخۆ نەتەوە بە چ مانایەک «ڕیفراندۆمێکی ڕۆژانەیە»؟ ئەم دەستەواژەیە چ مانایەکی هەیە؟ ئەوەی ڕێنان لێرەدا دەیەوێت بیڵێت پێداگرتنە لەسەر تازەکردنەوەی ئینتیما و وەلائی ڕۆژانە بۆ بوون و مانەوەی نەتەوە. واتە نەتەوە شتێک نییە خۆبەخۆ و ئۆتۆماتیکی دروستببێت، یان خۆبەخۆ و ئۆتۆماتیکی خۆی بپارێزێت، بەڵکو پێویستی بە کاری ڕۆژانە و بەردەوام هەیە. لەهەمان ووتاردا ڕێنان دەڵێت نەتەوە بریتییە «لە هاریکارییەکی مەزن کە هەستی ئەو قوربانیدانانە دروستیدەکات کە پێشتر دراون و ئەو قوربانیانەش کە دەبێت سەرلەنوێ بدرێنەوە» (هـ. س. پ ل ٧١).

وەک پێشتریش ووتمان ڕێنان باوەڕی بەوە نییە کە نەتەوە شتێکە هەتا هەتایە دەژی و دەمێنێتەوە. مادامەکی نەتەوە گرێدراوە بە هەست و ئارەزو و پێویستیی تاک و گروهەکانەوە

کەواتە دەشێت بە نەمانی ئەو ویست و ئارەزو و پێویستییانە کۆتایی پێبێت. مادام نەتەوە ڕیفراندۆمێکی ڕۆژانەیە کەواتە دەشێت یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو ڕیفراندۆمە نەمانی نەتەوەبێت. ڕێنان لە دواهەمین چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا دەنووسێت: «نەتەوەکان کۆتاییان پێدێت» ڕۆژێک دێت نەتەوەکان لە ئەورپادا جێیان بە «کۆنفیدراسیۆنێکی ئەروپی بگیرێتەوە». بەڵام ڕێنان دەزانێت ئەم مەسەلەیە لەسەدەی نۆزدەهەمدا ڕوونادات چونکە بوونی نەتەوەکان و دروستبوونیان لە سەدەی نۆزدەهەمدا شتێکی باش و پێویستە (هـ. س. پ ل ٨١). ڕێنان ئەم پێویستبوونە دەبەستێتەوە بە پێویستی ئینسان و نەتەوەکان بە ئازادی، چونکە ئازادی دەفەوتێت گەرهاتوو دنیا یەک یاسا و یەک سەرکردەی هەبوو (هـ. س. پ ل ٧١).

وەک دەبینین ئەو دەستەواژە و چەمکانەی ڕێنان بۆ قسەکردن لەسەر نەتەوە بەکاریاندەهێنێت ووشەگەلێکن وەک، ئارەزوو، قوربانی، ویست و دڵسۆزی و خۆشەویستیی. زمانی ڕێنان بۆ قسەکردن لەسەر نەتەوە زمانێکی ڕۆمانسییانەیە، زمانێکە ئەوەندەی قسە لە ویست و ئیرادە و ئارەزووی هاوبەش دەکات ئەوەندە قسە لە ئابووری و زمان و نیشتیمانی هاوبەش ناکات. نەتەوە لای ڕێنان بەرەنجامی کۆمەڵێک بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵێک شتی پێکەوەیی دروستیدەکات کە دەبێت بەردەوام بپارێزرێت و تازەبکرێتەوە و سەرلەنوێ بڕیاری لەسەربدرێتەوە و نەهێڵرێت لەیادبچێتەوە و بفەوتێت. نەتەوە لای ڕێنان زیاتر بەرەنجامی ئیرادەیە، ئیرادەیەکی گشتی کە لەو چەمکە ڕۆسۆییە دەچێت کە بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی پەیمانگەرە. تێڕوانینی ڕێنان بۆ نەتەوە تێڕوانینێکی شادمانانەشە، بەڵام شادمانییەکی کوورتخایەن، چونکە ڕۆژێک دێت نەتەوە لەناوبچێت و نەمێنێت. ڕەگەکانی ئەم شادمانی ڕێنانیەش لەوەدایە کە نەتەوە پێویستە بۆ پاراستنی ئازادی. نەتەوە بریتییە لە نەغمەیەک لە نەغمەکانی ناو سەمفۆنیایەکی ئینسانی و هۆکاری هاتنەکایەی شارستانیەتە، بەڵام ڕۆژێک دێت کە بمرێت. بەکورتی بۆ هاتنەکایەی نەتەوە و دروستبوونی هەستی نەتەوەیی ڕێنان پێیوایە ئازارچەشتنی پێکەوەیی، کارکردنی پێکەوەیی، خەون و هیوای پێکەوەیی ڕەگەزی گرنگن. ئاشکراشە ئەم ڕەگەزانە ڕەگەزی زاتی و ئیرادەگەرانەن کە دەشێت لەلایەن گروهێکی نەتەوەییەوە، لەساتێک لەساتەکاندا و بۆ مەبەستێک لە مەبەستەکان وازیان لێبهێنرێت، دەشێت تاک و گروهەکان بڕیاری ئەوەبدەن کە پێکەوە کارنەکەن، خەون و هیوای هاوبەشیان نەبێت، پێکەوە یەک ئازار نەچێژن و پێکیشەوە ئاهەنگ بۆ یەک سەرکەوتن نەگێڕن و چاوەڕێی یەک ئایندەش نەکەن. کە ئەمانەیان نەکرد لەوەدەچنە دەرەوە نەتەوەبن، ئیدی ژیان و زیندەگیان لەسەر یەک شوێن بێت یان نەبێت، قسەکردنیان بە یەک زمان بێت یان نەبێت، لەناو یەک سیستمی ئابوریدا ئامدەبن یان نەبن.



لەسەر هەمان هێڵی بیرکردنەوە فیشەر دەڵێت ئەوەی زۆر بنەڕەتی و گرنگە بۆ گەشەکردنی ڕۆحیەتی نەتەوەیی مێژووی هاوبەش و ئازارچەشتنی پێکەوەیی و سەرکەوتنی پێکەوەیی و دەسکەوتی پێکەوەیی، زاکیرەی پێکەوەییە. هەروەها دەشێت ئیلهامی پێکەوەیشی بۆ زیادکەین (Fisher 1931) بەڵام چۆن ئەم هەموو شێوە جیاوازەی ئیرادەی پێکەوەبوون ڕێکبخرێت و بپارێزرێت و بەردەوام بەرهەمبهێنرێتەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە فیشەر دەڵێت دەبێت دەزگایان بۆ دروستبکرێت، دەزگای نەتەوەیی بۆ پاراستن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ویست و ئیرادەی پێکەوەبوون. هیچ نەتەوەیەک نییە بەبێ بوونی کۆمەڵێک دەزگا کە پێکەوەبوونی سیاسی و ئابووری و کولتووری ئەو نەتەوەیە ڕێکبخات، بتوانێت بمێنێتەوە. نەتەوە بەردەوام پێویستی بە پاراستن هەیە، ئەوەی نەتەوەکان دەپارێزێت ئەو دەزگایانەیە کە بۆ بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی نەتەوە پێویستن. لە دەزگاکانی میدیا و ئیعلامەوە، بۆ دەزگاکانی پاراستنی زاکیرە و بۆنە و خەم و ئازار و سەرکەوتنە نەتەوەییەکان. لەهەمان دیدەوە واتسۆن دەربارەی نەتەوە دەڵێت:«سادەترین شتێک دەربارەی نەتەوە بگوترێت بریتییە لە کۆمەڵێک خەڵک کە هەستبەوەدەکەن کە نەتەوەن». «نەتەوە کاتێک دروستدەبێت کە ژمارەیەکی گەورەی خەڵک لە کۆمەڵەیەکدا خۆیان بە نەتەوە دابنێن، یان وا هەڵسوکەوت بکەن وەک ئەوەی نەتەوەبن» (بۆ زانیاری پتر بڕوانە ئینتەرنێت: Seton-Watson (www.tamilnation.org/nation.htm).

واتسۆن دەڵێت مەرج نییە هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە هەمان هەست و هەمان هەڵسوکەوتییان هەبێت، ئەوەی گرنگە ژمارەیەکی گەورەی ئەو کۆمەڵەیە بەوشێوەیە بن. چونکە کاتێک ژمارەیەکی گەورە بەو شێوەیەبن ئەوکات «ئەتوانن «ووشیاری نەتەوەیی» بسەپێنن».

بە کورتی ئەوەی تیورە زاتییەکان جەغدی لەسەر دەکەن کۆمەڵێک فاکتەری زاتییە کە نەتەوە بە ویست و ئارەزو و خەم و پەژارە و شادی هاوبەشەوە گرێئەدات. لێرەدا نەتەوە دەبێتە دروستکراوێکی ئینسانی و لەوە دەردەکرێت کە پێدراوێکی سروشتی یان ئابووری یان کولتووری بابەتی نەگۆڕ و جێگیربێت. نەتەوە بەرەنجامی گەشەی ئابوری یان ڕێکەوتی پێکەوەژیانی گروهێک نییە لەسەر زەمینێکی هاوبەش. بەڵکو بەرەنجامی کۆمەڵێک بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتییە و ئیرادەیەکی سیاسیە کە نەتەوە دادەهێنێت و بەڕێوەدابت و دەیپارێزێت. ڕەنگە ئاشکراترین بۆچوونێک کە ئەم کەلەپوورە فیکرییەمان لە دێڕێکدا بۆ کوورتبکاتەوە ئەو بۆچوونەی تێۆدۆر هەرتزل بێت کە سەبارەت بە نەتەوەبوونی جولەکەکان دەیڵێت: «ئێمە یەک نەتەوەین و ئەوەشی ئێمەی کرد بە یەک نەتەوە دوژمنەکانمان بوون».

**٣،٣: هەڵسەنگاندنی هەردوو تیۆرەکە**

ڕەنگە یەکێک لەباشترین ئەو تیوریستانەی کە ڕەخنەی لە هەردوو تیورەکە گرتبێت ئێریک هۆبزباوم بێت. بەباوەڕی هۆبزباوم هەموو پێناسە بابەتییەکانی نەتەوە پێناسی ناڕاستن و نەیانتوانیوە دیاردەی نەتەوە و ناسیۆنالیزممان پێ بناسێن. بەڕای هۆبزباوم دەکرێت بۆ هەر یەکێک لەو مەرجە پێشینانەی گوایە بوون و ئامادەگی نەتەوە پێویستی پێیانە، نموونە بدۆزرێتەوە کە نیشانیبدات چۆن دەشێت نەتەوە هەبێت بەبێئەوەی ئەو مەرجە بابەتیانە ئامادەبن. لەهەمانکاتدا دەشێت «کۆمەڵە» یان گروهی دیکە هەبن ئەو مەرجانەشیان تێدابێت بەبێئەوەی بووبن بە نەتەوە. لێرەوە هۆبزباوم حەتمیەتی بوون و ئامادەگی ئەو مەرجە بابەتییانە لە دروستکردنی نەتەوەدا وەلادەنێت (Hobsbawm 1990). بەڵام ئەم ڕەخنەیەی هۆبزباوم لە «تیورە بابەتییەکان» مانای ئەوە نییە کە تیورە خودییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی قبوڵە. بەپێچەوانە هۆبزباوم ڕای وایە کە پێناسە زاتییەکانی نەتەوەش پێناسی ناتەواون، چونکە ئەو پێناسانەش بوون و نەبوونی نەتەوە تەنها بە ئیرادە و ویست و پەژارەوە دەبەستنەوە. بەباوەڕی ئەو ئەم شتانە بەتەنها ناتوانن نەتەوە دروستبکەن. واتە نەتەوە وەکچۆن بەتەنها هۆکارە بابەتییەکان دروستیناکات، ئاواش هۆکارە زاتییەکان بەتەنها ناتوانن نەتەوە دروستکەن. هۆبزباوم دەڵێت لەپشتی پێناسە خودییەکانەوە دیدێکی ناحەتمی و ویستگەرا ئامادەیە کە باز بەسەر هەموو پێدراوە مێژووییەکاندا ئەدات (س. پ)

گیڵنەر دەڵێت هەردوو تیورەکە لە پێناس و ناسینی نەتەوەدا گرنگن بەڵام هیچکامیان نە بەتەنیا بەسن و نە بەسەریەکیشەوە دەتوان دیاردەی نەتەوە و ناسیۆنالیزممان بۆ لێکبدەنەوە. بەباوەڕی گیڵنەر بۆئەوەی ئەم دوو شێوە تایبەتەی مەرجی پێشینی پەیدابوونی نەتەوە، واتە بۆئەوەی فاکتەرە بابەتییەکان و فاکتەرە خودییەکان بتوانن پێکەوە نەتەوە دروستبکەن، هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەت پێویستە کە ڕۆژگار و کۆمەڵگای پیشەسازییە. واتە هەم فاکتەرە بابەتیەکان و هەم فاکتەرە خودییەکان، چ بەتەنها و چ بەسەریەکەوە، لەیەک کاتدا دەتوانن نەتەوە بەرهەمبهێنن کە کۆمەڵگا لە قۆناغی پیشەسازیدا بژی و پیشەسازیبوون سەرەکیترین کارەکتەری ئەو کۆمەڵگایەبێت (Gellner 1994)

ماکس ڤێبەر لەسەر هەمان هێڵی بیرکردنەوە باس لەوە دەکات کە ناتوانین پێناسێکی گشتگیر بۆ نەتەوە بکەین، چونکە ئەو مەرجانەی کە نەتەوە دروستدەکەن زۆر جیاواز و هەمەڕەنگن. بەباوەڕی ڤێبەر نەتەوەکان لەناوخۆیاندا ئەوەندە لێکجیاوازن کە ناتوانین بیانگەڕێنینەوە بۆ کۆمەڵێک ڕەگەز و هۆکار کە بۆ هەموو نەتەوەیەک بشێت. لای ڤێبەر نەتەوە بریتییە لە «کۆمەڵەی کەرامەت یان هەیبەت یان ئیعتیبار» کە خۆی بە هەڵگری پەیامێکی



کولتووری دەزانێت، ڤێبەر نەتەوە بە ئەتنیەتەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لای ئەو جیاوازی نێوان نەتەوە و ئەتنیەت لەوەدایە کە نەتەوە هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسییە (Hutchinson & Smith 1994: 21). بەڵام ئەتنیەت تەنها گروهێکی کولتوورییە.

واڵکەر کۆرنەریش نەتەوە لە ئەتنیەت جیادەکاتەوە، بەڵام نە لەسەر بنەمای بوون یان نەبوونی پرۆژەیەکی سیاسی، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەی کە نەتەوە گروهێکی «خود ـ پێناسە»، واتە خۆی بەر لە هەموو کەسێکی دی بەخۆی دەڵێت نەتەوە و خۆی دەستنیشانی شووناسی خۆی دەکات و خۆی ووشیارە بەو جیاوازیانەی کە لەگەڵ دەرەوەدا هەیەتی، لەکاتێکدا گروهی ئەتنی گروهێکی «ئەویدی ـ پێناسە» (هـ. س. پ ل ٦١)، واتە جیاوازییەکانی لە دەرەوەڕا دەستنیشاندەکرێت.

هەندێک نووسەری دی هەن ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە دروستبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا بە گرنگ دەزانن، لەم بۆچوونەدا ڕۆشنبیران سەرقاڵی خولقاندنی ئەفسانەی نەتەوەیی و دروستکردنی «سەردەمانی زێڕین» و دۆزینەوەی «ڕۆژگاریی خۆشنوودییە گەورەکان» دەبن و بەم کارەشیان پایەکانی خەیاڵی نەتەوەیی دادەڕێژن. بزوتنەی ڕۆمانتیزم لە ئەورووپا کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر مەسەلەی ناسیۆنالیزم، چونکە بیرۆکەی ڕەسانەیەتی و بێوێنەیی و لەویدینەچوون و فەردانیەت ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە مەسەلەی نەتەوەییدا، ئەمانەش کۆمەڵێک بیرۆکەن کە زیاتر ڕۆشنبیران هەڵگریانن تا کەسانی دیکە. بێنەدیک ئەندرسۆنیش پێ لەسەر ڕۆڵی ڕۆژنامە لە دروستبوونی نەتەوەدا دادەگرێت، لەڕاستیدا تاڕادەیەکی زۆر ئەندرسۆن نەتەوە بە منداڵی ڕۆژنامەگەریی مۆدێرن دەزانێت. هەروەها خەڵکانی دی هەن کە ڕەگەکانی نەتەوە بۆ دەقە ئاینییەکان دەبەنەوە، بیرۆکەی «گەلی لەلایەن خوداوە هەڵبژێراو» لە تەوراتدا و بیرۆکەی «ئێوە باشترین ئومەتێکن کە بۆ خەڵک دانراون» لە قورئاندا وەک نموونە دەهێننەوە. هەموو ئەوانەی کە ئەم کارانە جێبەجێدەکەن ئەو نوخبە ڕۆشنبیرییەیە کە دەخوازێت لەڕێی نەتەوە و لەباتی نەتەوە بدوێت.

بەبۆچوونی من هەریەکێک لەو دوو تیورانەی لە سەرەوە باسمانکردن هەڵگری بەشێک لە ڕاستین. ڕەنگە کێشەی هەرە سەرەکی تیورەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەوەدابێت کە هەر نەتەوەیەک ڕەوتێکی تایبەتی هەیە لە پرۆسەی بەنەتەوەبووندا، دەشێت لە ساتەوەختێکی مێژوویی تایبەتدا و بۆ نەتەوەیەک لە نەتەوەکان فلان یان فیسار فاکتەری خودی یان بابەتی یان تێکەڵێک لە هەردووکیان لەوانی دیکە گرنگتربێت، لەکاتێکدا بۆ نەتەوەیەکی دیکە کۆمەڵێک فاکتەری دیکە گرنگبن. ئەگەر هرتزل ڕاستبکات ئەوەی جولەکەی کرد بە نەتەوە دوژمنەکانی بوون، واتە فاکتەرێکی زاتی بوو، ئەوا ئەوەی ئینگلیزی کرد بە نەتەوە کۆی ئەو

فاکتەرە بابەتییانەیە کە ئینگلەتەرەی کردە یەکێک لە ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم. بەکورتی دەشێت لە پرۆسەی بەنەتەوەبووندا هەر جارەی فاکتەرێک یان کۆمەڵێک فاکتەر لەوانی دیکەیان گرنگتربن، واتە جارێک فاکتەرە بابەتییەکان و جارێکی دی فاکتەرە خودییەکان گرنگبن. دەشێت پێناسی نەتەوە لە قۆناغێکدا زیاتر پشتئەستوربێت بە پێشینە بابەتییەکان، بەبێ لەیادکردنی مەرجە زاتییەکان، بەڵام لە ساتێکی دیکەدا مەرجە خودییەکان گرنگبترن، بەبێ لەیادکردنی ڕەگەزە بابەتییەکان. بەکورتی نە مەرجە خودییەکان و نە مەرجە بابەتییەکان بەتەنها بەسنین بۆ لێکدانەوەی چییەتی نەتەوە و ناسیۆنالیزم. لەهەر لێکدانەوەیەکی ڕاستەقینەدا دەبێت تەماشایەکی وردی هەردوو لایەنەکە بکرێت.

**٤. تیورەی مۆدێرنیستەکان و تیورەی دێرینەگەرەکان**

وەک گوتمان دابەشبوونێکی دیکەی تیورەکانی نەتەوە بریتییە لەو دابەشبوونەی کە تێیدا هەندێک تیوریست نەتەوە بە بەرهەمی مۆدێرنە دەزانن (تیورە مۆدێرنیستەکان). لەکاتێکدا هەندێک تیورەی دیکە نەتەوە بە دەرەنجامی گەشەکردن و بەردەوامی ئەتنیەتەکان دەزانن کە بەر لەسەردەمانی مۆدێرنە لەئارادابوون (ئەتنیگەرەکان یان دێرینەگەرەکان). با بە بەکورتی سەرنجێک لە بۆچوونە تیورییە گشتییەکانی ئەم دوو کۆمەڵە تیورەیەیە بدەین:

**١.٤: نەتەوە وەک داهێنراوێکی نوێ**

ڕەنگە سەرەکیترین کاراکتەری دیدی مۆدێرنیستەکان لەوەدابێت کە جیاوازییەکی هەمەلایەن لەنێوان قۆناغی بەر لە مۆدێرنە و قۆناغی مۆدێرنەدا دەکەن، ئەم جیاوازیەش لە شێوەی دابڕاندا وێنادەکەن نەک لە شێوەی بەردەوامبووندا. بە مانایەکی دی ئەم گروهە، مۆدێرنە وەک دابڕانێکی هەمەلایەن لە دنیای بەر لە خۆی دەبینن نەک وەک بەردەوامی لەگەڵ ئەو دنیایەدا. لەم دیدەدا دنیای مۆدێرن لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و خەیاڵ و ئۆرگانیزاسیۆندا دنیایەکە تەواو جیاواز لە دنیای بەر لە مۆدێرن. لە پەیوەندیشیدا بە نەتەوە و ناسیۆنالیزمەوە ئەم دنیا نوێیە شوێنی لەدایکبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزمە. لە دیدی مۆدێرنیستەکاندا لە قۆناغە دێرینەکانی بەر لە مۆدێرنەدا دنیایەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی بەرتەسک و داخراو ئامادەبووە کە تیایدا هیچ ئامراز و ئەگەرێکی لەدایکبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم جا لە ئارادانەبووە جا چ وەک شێوازی ڕێکخستن و چ وەک پرنسیپی سیاسی. ئەوەی ئامادەبوونی ئەم دووانە مەیسەردەکات و هەلومەرجی هاتنەکایەیان دەرەخسێنێت مۆدێرنەیە. بە مانایەکی دیکە نەتەوە دروستکراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی و ئۆرگانیزاسیۆنی تازەیە و لەدایکبووی قۆناغی



پیشەسازی و پێدراوەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە، نەک پێدراوێک لە چاخە دێرینەکانیشدا هەبووبێت (Gellner 1994, 1997).

مۆدێرنیستەکان، لەوانەش ئارنست گیلنەر، باوەڕیان وایە کە مۆدێرنە دێتەکایەوە ئیدی بنەمای ناوەکی گروهە داخراوەکان تێکدەچێت، دنیاکەیان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵانە دەگۆڕێت و لەهەندێک دۆخی تایبەتیشدا بەشێکی گەورەی ئەو دنیایە لەناودەچێت. لە شوێنی ئەو گروهە تەقلیدی و داخراوانەشدا گروهی نوێ دروستدەبن کە لەڕووی کولتووری و فانتازی و پەیوەندی و قەبارە و تواناوە جیاوازن لە گروهە کۆنەکان. ئەگەر گروهە سوونەتییەکانی جیهانی کۆن لەڕێگای پەیوەندی خزمخواهی و خێڵەکی و دین و ترادیسیۆنەوە بەیەکەوە گرێدرابن، ئەوا ئەم گروهە نوێیانە کولتوورێکی نوێ و پەیوەندی نوێ و خەیاڵێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ بەیەکەوە گرێیان ئەدات.

ئەم گروهە تازانە گروهی جیاواز و بزۆک و مۆبیل و فرەچەشنن بۆیە ئاین و ناوچەگەرایی و پەیوەندیەکانی خزمخواهی ناتوانن بەیەکدیانەوە گرێبدەن. بۆیە بە ناچاری کولتوورێکی نوێ دێتەکایەوە کە لەم هەلومەرجە نوێیەدا گروهە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکدی ئامێزان دەکات، ئەم کولتوورە نوێیە ناسیۆنالیزمە. واتە ناسیۆنالیزم ئەو کولتوورە نوێیەیە کە مۆدێرنە دروستیدەکات و لە جەوهەردا ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە کولتوورە کۆنەکان لە گرێدانی خەڵکدا بەیەکدیەوە بینیویانە. واتە ناسیۆنایلزم دەبێتە ئەو چوارچێوە کولتوورییە کە مۆدێرنە پێویستی پێیەتی بۆئەوەی ئامێزانبوونی کۆمەلایەتی لەناو چوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەدا مەیسەربکات.

مۆدێرنیستەکان لەو باوەڕەدان کە دیاردەی ئامادەگی «کولتوورێکی هاوبەش» ی سەرتاسەری لە کۆمەڵگادا دیاردەیەکی مۆدێرنە. لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەدا گروهەکان کولتووری هاوبەشیان نەبووە. لەو سەردەمانەدا یان ئیمپراتۆریەتی ئاینی گەورە، یان دەوڵەتی لۆکاڵی بچووک، یان ئیمارەت، یان شاری بەهێز لە ئارادابوون. لە هەریەکێک لەم شوێنانەشدا گروپی ئاینی و ئەتنی و کولتووری جیاجیا ژیاون و دەسەڵاتێک نەبووە هەموان بەناوی بوونی یەک کولتوور و یەک زمان و یەک مێژووەوە کۆبکاتەوە. جگە لەمەش لەناو هەریەکێک لەو گروهانەدا بەشی سەرەوەی گروهەکە هەڵگری کولتوورێک بووە جیاواز لە کولتووری بەشی خوارەوەی ئەو گروهە. خوێندەوارەکان تەنها لە بەشێکی بچووکی سەرەوەی کۆمەڵگادا هەبوون و کولتوورێکیان هەبووە تەواو جیاواز لە کولتووری گروه و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا کە زۆرجار. گروهی خوێندەوارنیش گروهێکی بچووک بووە و زۆرجار ئەو زمانەشی کە بۆ خوێندنەوە و نووسین و دواندن بەکاریانهێناوە زمانی خەڵکانی خوارەوەی

کۆمەڵگا نەبووە، واتە نەک تەنها کولتووری هاوبەش نەبووە بەڵکو زمانی ناسینی جیهانیشیان جیاوازبووە. گەر نموونە لە مێژوو بهێنینەوە دەکرێت بڵێین ئەم گروهە خوێندەوارە لای ئێمە عەرەبی و لە ئەوروپا لاتینیان بەکارهێناوە و ئەم دوو زمانەش زمانی گروهەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا نەبووە.

جگە لەم ڕاستییانە تەنانەت گروهەکانی گروهانەی خوارەوەی کۆمەڵگاش هەڵگری یەک کولتووری هاوبەش نەبوون، بەڵکو هەریەکەیان عادات و تەقالید و بۆنە وبەها و نرخ و سروشتی تایبەت بەخۆی هەبووە و پەیوەندییەکانی خزمخواهی و پەیوەندی خوێن و فۆرمی ئاینی جیاواز بەیەکدیەوە بەستونەتەوە. مۆدێرنیستەکان دەڵێن لە هەلومەرجێکی لەو بابەتەدا ئێمە لەبەردەم کۆمەڵگایەکداین کە هاوبەشێک نییە گروهە جیاوازەکانی خوارەوە لەگەڵ یەکدا و گروهەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا لەگەڵ گروهەکانی خوارەوەدا بەیەکەوە گرێبدات. لەم دۆخەدا ئەوەی هەیە ئامادەگی کۆمەڵێک گروهی دابڕاو و کەمپەیوەندی و لێکجودان لەپاڵ یەکدا، نەک ئامادەگی کۆمەڵگایەک کە هاوبەشێکی کولتووری و ئابووری و فانتازی هەموویانی بەیەکەوە گرێدابێت و بەیەکدی ئامێزانکردبن. لێرەوە لەم دنیا لێکدابڕاو و دابەشەدا ئەوەی ئامادەنەبێت بیرۆکەی نەتەوە و ناسیۆنالیزمە (Gellner 1994)

بەڵام کە مۆدێرنە دێت کۆمەڵێک گۆڕانی ستراکتووری لە نموونەی دروستبوونی بازاڕ و ئابووری و پیشەسازی سەرمایەداری دێنێتەکایەوە، فۆرمی نوێی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی دروستدەکات و کولتوور و خەیاڵ و ئۆرگانیزاسیۆنی نوێ بەرهەمدێنێت. بڕی جوڵەی نێوان بەش و ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگا زیاددەکات. لەڕێگای سیستەمی مۆدێرنی خوێندنەوە یەک ڕست بەها و نۆرم و چاوەڕوانی دروستدەکات و بەهەمووانیش هەمان زمان دەبەخشێت. وەک دەرەنجامی ئەم گۆڕانانەش کولتوورێکی هاوبەش دروستدەبێت کە بەناو بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە، ئەمەش زیاتر لەڕێگای بڵاوبوونەوەی خوێندن و نووسین و چاپەمەنی هاوبەشەوە مەیسەردەبێت. بێگومان ماتۆڕی سەرەکی مەیسەرکردنی ئەم گۆڕانانە دەوڵەتی مۆدێرن و ئەو دەزگایانەن کە ئەم دەوڵەتە سەرپەرشتییان دەکات، لەپێش هەمووشیانەوە سیستەمی نوێی فێربوون و قوتابخانە و سەربازی و سیستەمە نوێکانی پەیوەندیی و چاپ و بڵاوکردنەوە.

لەسەردەمانی مۆدێرنەدا بۆ یەکەمینجار چەمکی جەماوەر یان جەمهور لەدایکدەبێت کە چیدی کولتووری ئەم جەماوەرە، کولتوورێک نییە جیاواز لە کولتووری دەوڵەت، یان جیاواز لە کولتووری گروهەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا. لەسەردەمانی مۆدێرنەدا هەمووان دەبنە هەڵگری ئەو کولتوورە تازەیە. مۆدێرنە قوژبن و پێچ و پەنا و چاڵوچۆڵییە کولتوورییەکانی بەر لە



مۆدێرنە لادەبات و هەموویان بە کولتوورێکی نوێ پڕدەکاتەوە کە دەوڵەت و دەزگا مۆدێرنەکان بەرهەمهێنەرین. ئەم کولتوورە نوێییەیە کە مۆدێرنیستەکان ناویدەنێن ناسیۆنالیزم.

لەم کولتوورە نوێیەدا ئەو خاڵەی کە خەڵک بەیەکدی ئامێزاندەکات چیدی پەیوەندی خزمخواهی و پەیوەندی ئەتنیی و پەیوەندی خوێن و خێڵ و ناوچە نییە، چیدی برایەتییەکی خوێنی یان دینی نییە، بەڵکو برایەتییەکە لە بوونی یەک زمانی یەکگرتوو و یەک خیبرەی هاوبەش و یەک یاسای ناوکۆیی و یەک سیستەمی خوێندنی هاوبەش و یەک میدیای گشتییەوە لەدایکدەبێت. کەواتە ئەو برایەتییەی کە مۆدێرنە دروستیدەکات برایەتی خوێن و دین و پەیوەندییە خێزانییەکان نییە، بەڵکو برایەتییەکی سیاسی و کولتووری نوێیە کە فەزا تازەکانی ژیانی کۆمەڵەیەتی و کولتووری دروست و پێشنیاریدەکات و لە فەلسەفەی سیاسیدا ناوی هاوڵاتی و مافەکانی هاوڵاتیبوونی لێنراوە. ئەم گۆڕانانە بەسەریەکەوە کۆمەڵێک ئامراز پێشکەشدەکەن کە بەهۆیانەوە گروهێک یان کۆمەڵەیەک دەتوانێت جۆرە پێکەوەبوونێکی نوێ و ئاڵۆزتر، جۆرە پەیوەندییەکی نوێ، جۆرە تێگەیشتنێکی تازە بۆ مێژوو و زاکیرە و زەمەن، جۆرە وێناکردنێکی نوێی شوێن و وڵات و نیشتیمان بەرهەمبهێنێت. ئەم گۆڕانانە دەبنەهۆی گۆڕانی عەقڵیەت و بۆ خەیاڵ و وێناکردنەکانی ئینسان و جۆرێکی نوێ لە زات و زاتیەت دەخەنەوە، ئەم زاتە تازانەش کە دروستدەبن جارێکی دیکە ئەو پرۆسانە بەهێز و فرەلایەنتر دەکەنەوە کە بۆتە هۆی لەدایکبوون و دروستبوونیان.

لەڕاستیدا ئەم دیدە بۆ ناسیۆنالیزم لەزۆر ڕووەوە دووبارەکردنەوەی ئەو دیدە سۆسیۆلۆژییەیە کە دەڵێت هاتنی مۆدێرنە یەکسانە بە گۆڕانی «کۆمەڵەکان» بە کۆمەڵگا واتە لە (Gemeinschaft)ـەوە یان لە (community) وە بۆ (Gesellschaft) یان .(Society) ئەم گۆڕانە، واتە لە گۆڕان لە «کۆمەڵەوە» بۆ «کۆمەڵگا»، گۆڕانێکە کە بەناو دروستبوون و ئامادەگی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا تێدەپەڕێت.

بە مانایەکی دیکە نەتەوە تەنها لەو کۆمەڵگایانەدا لەدایکدەبێت کە تیایاندا پرۆسەی گواستنەوە لە «کۆمەڵەوە» بۆ «کۆمەڵگا» مەیسەردەبێت. ئەوەشی ئەم پرۆسەی گۆڕان و گواستنەوەیە فەراهەمدەکات هەمان ئەو پرۆسەیەیە کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم دروستدەکات. ناسیۆنالیزم و بەنەتەوەبوون خۆیان بەشێکی گرنگی ئەو پرۆسەی گواستنەوەیەن لە «کۆمەڵەوە» بۆ «کۆمەڵگا».

بەکورتی ئەوەی لەم تیورەیەدا گرنگە دوو خاڵە:

یەکەم ئەو ڕاستییەیە کە جیاوازی نێوان نوخبە و جەمهور وردە وردە بەرەوە لەناوچوون دەچێت و جۆرێک لە هاوشێوەییبوون دروستدەبێت لەنێوان سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵگادا.

لەهەمانکاتدا جۆرێک لە هاوشێوەبوونیش دروستدەبێت لەنێوان هێزەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا . هەموو ئەمانەش دەرەنجامی هاتنەکایەی سیستمی خوێندن و پەروەردی نوێ و هاتنەکایەی میدیا و چاپەمەنی نوێیە کە وادەکەن نوخبەی باڵادەستی کۆمەڵگا و جەماوەر لێکبچن و دنیابینییەکانیشیان لێکدی نزیکبکەوێتەوە. بەپێچەوانەی قۆناغەکانی پێشترەوە کە تێیدا نوخبەیەکی کەم و بچووک خوێندەوار و زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاش نەخوێندەواربوون. بۆیە خاڵی هاوبەش و لێکچوونیان زۆر کەم بووە.

دووهەم ئەو ڕاستییەیە کە بەخوێندەواربوونی کۆمەڵگا ڕێگا خۆشدەکات بۆ بەرفراوانبوونی ڕووبەری بەشداربوون لە بڕیاردانی سیاسیدا . کردنەوەی دەرگاکانی سیاسەت بەڕووی کۆمەڵگادا نەک داخستنی بەڕووی نوخبەیەکی داخراودا وادەکات هەستی پێکەوەبوون و هاوچارەنووسیش زیادبکات. لە سەردەمی مۆدێرنەدا کە هەمووان یەک سەرچاوەی پێگەیشتن و فێربوون و خوێندەواربوونیان هەیە پاراستنی جیاوازییە دەستکردەکانی نێوان نوخبەی دەسەڵاتدار و خەڵک وەک پاراستنی جیاوازییەکی ساختە و دەستکرد دەردەکەوێت و گەر ئەو نوخبەیە بیەوێت بەزۆری زۆرداری ئەو جیاوازییانە بیهێڵێتەوە تاقە ڕێگایەک لەبەردەمیدابێت توندوتیژییە. ئەمەش پێچەوانەی زۆربەی زۆری ئەو پرنسیپ و دیدی و خەیاڵگە کۆمەڵایەتییە نوێییانەیە کە بانگەشەی جۆرێکی نوێی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی دەکات.

سیاسەتیش وەک یەکێک لە چالاکییە سەرەکییەکانی ناو دنیای مۆدێرن چیدی بەتەنها کاری گروهێکی داخراو نییە، کە خۆی وەک گروهێکی پیرۆز و بێهەڵە و هەڵبژێردراو نیشانبدات، بەڵکو دەگۆڕێت بۆ چالاکییەک کە بە تێرمەکانی «قازانجی گشتی» و «مافی هاووڵاتیبوون» و «ئیرادەی گشتی» قسەدەکات. لێرەدا کایەی سیاسی تەقلیدی، کە کایەیەکی داخراوە و بەناوی پیرۆزی و دین و مافی خوداییەوە ئەدوێت، گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردادێت و تاڕادەیکی زۆریش ڕەمز و مانا و بەهاکانی دەدۆڕێنێت و لەناودەچێت. بەکورتی مۆدێرنە کایەی سیاسەت نوێدەکاتەوە و بەو چەمکانەی هێمامان پێکردن پڕیدەکاتەوە. لە تیورەی ناسیۆنالیزمدا ئەم شێوە ناسیۆنالیزمە بە (ناسیۆنالیزمی مەدەنیانە) ناودەبرێت.

بەڵام لەو شوێنانەدا کە مۆدێرنە، لەبەر هەر هۆیەکی مێژووی تایبەت، کایەکانی بۆ ناکرێتەوە و ناتوانێت لەناوەوەڕا ئەو ڕۆحیەتی عەدالەتخوازی و یەکسانیخوازی و دیموکراسییە بە ناسیۆنالیزم ببەخشێت، ئەوکات ناسیۆنالیزم ڕووە مەدەنیەکانی خۆی دەدۆڕێنێت و یەکبوون و فانتازایا و هەستی نەتەوەیی لەڕێگای سیمبول و بۆنە و ڕەمزی نەتەوەیی و ئەتنییەوە پڕدەکاتەوە، نەک لەڕێگای بیرۆکەی هاوڵاتی یەکسانەوە. ئەم شێوەیەی ناسیۆنالیزم پێیدەگوترێت ( ناسیۆنالیزمی ئەتنی).



بەشێوەیەکی گشتی ناسیۆنالیزمی ئەتنی، بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی مەدەنیەوە، ناسیۆنالیزمێکە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر بە سیمبول و هەست و حەماسی نەتەوەیی ئەدات. گێڵنەر دەڵێت ئەوەی گروهە بچووکەکان لەناو چوارچێوەی یەک گروهی نەتەوەییدا دەتوێنێتەوە و ئامێزانیان دەکات پرۆسەی بەپیشەسازیکردنە. گەر ئەم پرۆسەیە نەیتوانی ئەم کارە جێبەجێبکات ئەوکات دەشێت ئەو گروهانەی کە ئامێزان نابن یان ناتوێنەوە ببنە سەرچاوەی سەرهەڵدانی بزاوتی ناسیۆنالیستی دیکە. لێرەدا ناسیۆنالیزم بۆ ڕەخساندنی یەکێتی نەتەوەیی و سەپاندنی هەستی نەتەوەیی پەنادەباتە بەر کۆمەڵێک گوتاری حەماسەت ئامێز کە لەدوالێکدانەوەدا ناسیۆنالیزمێکی نادیموکراسی بەرهەمدەهێنێت. بەباوەڕی گێڵنەر بوونی نەتەوە بەر لە مۆدێرنە بوونێکی ڕێکەوتە و زۆر کەم ڕێکدەکەوێت نەتەوەیەک بەر لە مۆدێرنە بوونی هەبێت.

جگە لەو بۆچوونانەی گێڵنەر یەکێک لەو کتێبە تیورییە گرنگانەی دیکە کە لە سەرەتای هەشتاکاندا لە دیدی مۆدێرنیستییەوە لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم نوسراوە کتێبی «کۆمەڵگا فانتازیاکراوەکان» ی زانای سیاسی بەنەدیکت ئەندرسۆنە (Anderson 1983). ئەم کتێبە باس لە سەرچاوەکانی دروستبوون و بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزم دەکات. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ٣٨٩١ بەئەنجام گەیەندراوە و لەوکاتەوە تا ئێستاش جگە لەوەی چەندان جاری دیکە چاپکراوەتەوە بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی دنیاش وەرگێڕدراوە. لەدوای چاپبوونی ئەم کتێبەوە هەر لێکۆڵەرەوەیەک بخوازێت بەشێوەیەکی زانستی لە کێشە تیورییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بدوێت ناتوانێت باز بەسەر بیروبۆچوونەکانی ناو ئەم کتێبە گرنگەی ئەندرسۆندا بدات.

لەم کتێبەدا ئەندرسۆن تیورەیەکی کامڵ و بناغەیەکی میتۆدی پتەو دادەڕێژێت بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی میتۆدیانەی دیاردەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم. ئەندرسۆن لەڕووی فیکرییەوە چەپگەر و خاوەن ڕابووردویەکی مارکسیانەیە. لەگەڵ کۆمەڵێک تیوریستی دیکەدا ، لەبابەتی هۆبزباوم، تۆم نارین و تیلی ئەندرسۆن، لەدەوری گۆڤاری «چەپی نوێ» کۆبووبوونەوە، ئەم گۆڤارە تا ئەمڕۆش یەکێکە لە چەپترینی ئەو گۆڤارە فیکریانەی بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت. لێرەدا هەوڵئەدەم زۆر بەکورتی گرنگترینی ئەو بۆچوونانە نیشانبدەم کە ئەندرسۆن لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم هەیەتی:

١ـ نەتەوە دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و پێدراوێکی نوێییە و بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەیە کە لە ڕۆژگاری مۆدێرنەدا دێنە کایەوە. ئەندرسۆن ئەم ڕۆژگارە بە ڕۆژگاریی «سەرمایەداری چاپ» ناونووسدەکات.

٢ـ نەتەوە یەکەیەکی سیاسییە کە شانیداداوەتە سەر کۆمەڵێک گۆڕانی کولتووری گەورە گەورەی لەبابەتی لەدایکبوونی ڕۆژنامە و ڕۆمان و کولتووری دروستکردنی مۆزەخانە و بەکارهێنانی ئامار و سەرژمێری سەرتاسەریی.

٣ـ دەوڵەتی نەتەوە وەک بوونەورێکی سیاسی نوێ بۆ یەکەمینجار لە دەرەوەی ئەورووپا و لە خواروی ئەمریکادا دروستدەبێت. بەڵام لەدوای دروستبوونییەوە دەبێتە مۆدێلێکی سیاسی. ئەم مۆدێلەش لە بەشێکی جیهانەوە بۆ بەشەکانی دیکە دەگواسترێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان.

٤ـ ناسیۆنالیزم لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە سیستەمێکی زۆر لاوازە و یەکێکە لەو کایە فیکرییانەی کە فەیلەسوف و بیریار و نووسەری گەورەی دروستنەکردوە. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم وا باشترە وەک پەیوەندی خزمخواهی و وەک ئاین تەماشایبکەین، نەک وەک سیستمێکی ئایدیۆلۆژیی لەبابەتی لیبرالیزم یان فاشیزم یان سۆسیالیزم.

### ٢.٤: نەتەوە وەک بەردوامی ئەتنیەت، تیورە دێرینەگەرەکان

لەکاتێکدا مۆدێرنیستەکان لە مەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم قۆناغی مۆدێرنە و قۆناغی بەر لە مۆدێرنە لەیەکدی جیادەکەنەوە و پێیان وایە لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا دابڕان هەیە و پێکهاتی گروهەکان و کولتوور و فانتازیاکانیان لە هەریەکێکیاندا بەتەواوی لەویدیان جیاوازە، ئەتنیستەکان یان دێرینەگەرەکان باوەڕیان وایە کە لەنێوان ئەو دوو قۆناغەدا بەردەوامی هەیە و نەتەوە بەردەوامی ئەو گروهە ئەتنیانەیە کە بەر لە هاتنی مۆدێرنە لە ئارادابوون. بەباوەڕی ئەمانە دابڕانی ئەو دوو قۆناغ و سەردەمە لەیەکدی ڕاست نییە و نەتەوە لەسەر بنەمای ئەو بوونیادە پێشینانەی شووناسی ئەتنی دروستدەبێت کە پێشتر لە ئارادابوون. بەوەی کە ئەم دوو قۆناغە بەردەوامیان لە نێوانادایە نەک دابڕان دێرینەگەرەکان گرنگی زیاتر بە مەسەلەی بەردەوامی مێژوو و قووڵاییە مێژووییەکانی دروستبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئەدەن، لە کاتێکدا مۆدێرنیستەکان لەم ڕەهەندە ناڕوانن زیاتر تەماشای ئەو بوونیاد و ڕەگەز و پێکهاتە نوێییانە دەکەن کە کۆمەڵگای پیشەسازی دەیانهێنێتە کایەوە. لای دێرینەگەرەکان نەتەوە داهێنراوێکی تازە نییە بەڵکو بەرهەمی گەشەکردنی ئەو گروهە ئەتنیانەیە کە بەر لە ئامادەگی نەتەوە مێژوویەکی درێژیان هەیە. لای ئەم تیوریستانە نەتەوە هەمیشە لەسەر بناغەی گروپێک یان چەند گروپێک دروستدەبێت کە پێشتر لە فۆرمی ئەتنیەتدا لە ئارادابووە.

دێرینگەرەکان دروستبوونی نەتەوە بە بەرەنجامی گەشەیەکی دوورودرێژی کۆمەڵگا دادەنێن، ئەوان زیاتر وەک پێدراوێکی سروشتی لە بوونی نەتەوە و هەستی ناسیۆنالیستانە ڕادەمێن



نەک بە دروستکراوێکی مۆدێرنی بزانن. بەڵام هەموو ئەتنیسیستەکان دێرینگەرا نین، بەڵام هەردووکیان بۆ تێگەیشتن لە نەتەوە ئاوڕی زۆر جدی لە ڕابووردو ئەدەنەوە بە تەنها لە گۆڕانە نوێیەکان وردنابنەوە. ئەمانە ڕایان وایە دەشێت نەتەوە بوونێکی نوێبێت بەڵام ڕەگەکانی لەناو ئەو بوونی ئەو گروهە ئەتنیانەدایە کە بەر لە دروستبوونی نەتەوە لەئارادابوون. بۆیە لە تێگەیشتنیاندا بۆ نەتەوە تەنها تەماشای گۆڕانەکانی ناو دنیای مۆدێرن ناکەن، بەڵکو لە چۆنیەتی بوون و گەشەکردن و ئامادەگی ئەو گروهە ئەتنیانەش ڕادەمێن کە بە بنەمای دروستبوونی نەتەوەی دادەنێن. نموونەی ئەوانەی بەرگری لەم دیدە تیوریە دەکەن ئەنترۆپۆلۆژی بەناوبانگ کلیفۆرد گێرتز، واڵکەر کۆرنەر، جۆن هوتچینسۆنن و چەندانی دیکەشن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەتنیسیستەکان نەتەوە و پەیوەندی نەتەوەیی وەک پەیوەندی سروشتی تەماشادەکەن و پێشیان وایە نەتەوە شتێکە هەمیشە و هەردەم هەبووە، بەڵام لە شێوەی نەتەوەدا نا، بەڵکو لەشێوەی گروهی ئەتنی و ئاینیدا. لای ئەم تیوریستانە ئەوەی دەگۆڕێت فۆرم و شێوەکانی نەتەوەیە، نەک دروستکردن و داهێنانی. نەتەوە لە خۆڕاو لە هیچەوە دروستناکرێت، لەپشتی پەیدابوونی نەتەوەوە هەمیشە گروهێکی ئەتنی هەیە کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ئەفسانە و باوەڕی گشتی و پەیوەندی تایبەت بەیەکدیەوە بەستراونەتەوە کە بریتیین لە پەیوەندی خوێن، پەیوەندی خزمایەتی و یاداوەری و بەها و نرخ و ئەفسانە و کولتوور و ڕەمزی هاوبەش. بەم مانایە نەتەوە شتێکی نوێ و داهێنراو نییە، بەڵکو دەرەنجامی گەشەی ئەو گروهانەیە کە بەر لە نەتەوە گشتێکی تایبەتیان پێکهێناوە. ئەنتۆنی سمیس ڕای وایە کە ڕاست نییە نەتەوە وەک داهێنراوی هێزێکی مۆدێرنی وەک ڕۆشنبیران ببینین، بەڵکو زیاتر بەرهەمی شەڕ و شۆڕ و کۆچ و باوەڕبوون بە بوونی ڕابووردوو و ئاییندەیەکی هاوبەشە (Pecora 2001:27)

ئەوەی لەم دیدەدا بەشە جیاوازەکانی نەتەوە بەیەکدیەوە دەبستێتەوە فانتازییایەکی نوێ نییە، وەک ئەندرسۆن دەڵێت، یان کولتوورێکی باڵای نوێ وەک گێلنەر دەڵێت، بەڵکو ڕابووردوویەکی درێژ و یاداوەرییەکە کە نەوە بەدوای نەوەدا هاتووە و پارێزراوە.

ئانتۆنی سیمس ڕای وایە ڕاستە ناسیۆنالیزم لە مۆدێرنەوە لەدایکدەبێت بەڵام کارەکتەر و ناوەرۆک و پاڵنەرەکانی ناسیۆنالیزم هەمیشە و هەردەم وابەستەی قورسایی و ئامادەگی مۆدێرنە نییە، بەڵکو وابەستەی ئەو کاراکتەرە ئەتنی و کولتوورییانەن کە بەر لە مۆدێرنە لەئارادابوون. ئەو دنیایەی بەر لە مۆدێرنە ئامادەبووە کاریگەری زۆری لەسەر ناسیۆنالیزم هەبووە و لە دنیای مۆدێرنیشدا ئەم کاریگەرییانە بەهەمانشێوە دەمێننەوە. خاڵی هەرە گرنگی

تیۆرەی ئەتنیسیتسەکان بوونی ئەتنیەتە وەک بنەمای کولتووریی ناسیۆنالیزم. ئەگەر بنەمای کولتووریی ناسیۆنالیزم لای مۆدێرنیستەکان ئەو کولتووره تازەیەبێت کە مۆدێرنە لەڕێگای خوێدن و نووسین و سیستمی میدیا و پەروەردەی نوێوە دەیهێنێتە کایەوە، ئەوا لای ئەتنیستەکان ئەو بنەما کولتوورییە لە کولتوور و هەست و سیمبوڵ و ئەفسانەکانی ئەو گروپە ئەتینانەدا جێگیرە کە بەر لە مۆدێرنە لەئارادابوون. بە کورتی ئەگەر مۆدێرنیستەکان کولتووری ناسیۆنالیزم بە کولتوورێکی تەواو نوێ بزانن، ئەوا ئەتنیسیستەکان باوەڕیان وایە کە بنەمای ناسیۆنالیزم زیاتر ئەو کولتووره ئەتنیە دێرینەیە کە بەر لە مۆدێرنە ئامادەبووە و شووناسی ئەو ئەتنیەی دەستنیشانکردوە.

هەندێک نووسەر باوەڕیان وایە لەوشوێنانەدا کە مۆدێرنە ناتوانێت ببێتە کولتووری باڵادەستی ناسیۆنالیزم و ناتوانێت ببێتە ئەو هۆکارەی گروهە جیاوازەکان بەیەکدیەوە لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنەدا کۆبکاتەوە، ئەوکات ڕەگەزە ئەتنییەکان لە دروستکردنی نەتەوەدا ڕۆڵی گەورە دەبینن، یان لانیکەم ڕۆڵێکی گەورە و زۆرجار مەترسیدار دەبینن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە گەشەکردنی مۆدێرنە لەو شوێنانەدا دواتر کارەکتەری ئەم ناسیۆنالیزمە ئەتنیانە ناگۆڕێت و نایانکاتە ناسیۆنالیزمی مەدەنییانە. گرەوی ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە لەوەدایە چۆن لە ناسیۆنالیزمێکی ئەتنییەوە ببێتە ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی، واتە چۆن کاراکتەرێکی دیموکراسییانە و کراوە بگرێتە خۆی. ئەم گواستنەوەیە بەبێ گۆڕانی ماناکانی نەتەوە و بەبێ بنیادنانی سیستمێکی دیموکراسی کە تیایدا ڕێز لە جیاوازییەکان بگیرێت و کولتووری هاوڵاتیبوون سەروەربکات، کارێکی مەحاڵە.

مۆدێرنیستەکان، بەپێچەوانەی ئەتنیسیستەکانەوە، کاتێک باس لە مەسەلەی بوونی ئەتنی و ماناکانی ئەتنیەت دەکەن گرنگی گەورە بە ڕەهەندە کولتوورییەکانی ئەم دیاردەیە نادەن، ئەوان پێیان وایە سیفەتی سەرەکی ناسیۆنالیزم سیاسیبوونی ماناکانی ئەم چەمکەیە، واتە مۆدێرنیستەکان زیاتر گرنگی بە مانا سیاسییەکانی ناسیۆنالیزم ئەدەن کە هاوشانە بە بەخشینی مانایەکی سیاسی بە کولتوور. ناسیۆنالیزم پرنسیپێکی سیاسییە و ئەو کولتوورەشی کە ناسیۆنالیزم باسیدەکات دواجار مانایەکی سیاسی وەردەگرێت، لەکاتێکدا ئەتنیەت چەمکێکی سیاسی نییە یان هەڵگری مانای سیاسی نییە و کولتوور و سیاسەت تیایدا بەناویەکدا نەچوون.

ئەتنیسیستەکان باوەڕیان وایە کە ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنەیە بەڵام نەتەوە خۆی بەرهەمی مۆدێرنە نییە. ئەگەر ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مۆدێرن بێت ئەوا نەتەوە لە فۆرمی ئەتنیەتدا بەر لە مۆدێرنە بوونی هەبووە. ئەم تێزە تەواو دژ بەو بۆچوونەی گیلنەرە کە دەڵێت



ئەوە نەتەوە نییە کە ناسیۆنالیزم دروستدەکات، بەڵکە ئەوە ناسیۆنالیزمە کە نەتەوە دادەهێنێت لەوشوێنەدا کە نەتەوەی تێدا نییە.(Gellner 1994)

ئەوەی دیدی سمیس وەک ئەتنیسیستێک لە دیدی گیلنەر، وەک مۆدێرنیستێک، جیادەکاتەوە، لەکاتێکدا گیلنەر مامۆستای سمیس بووە، ئەوەیە لای سمیس ئەو شتەی کە کارەکتەری نەتەوەیی و کارەکتەری ناسیۆنالیزمە جیاجیاکان لەیەکدی جیادەکاتەوە هاتنەکایەی مۆدێرنە نییە، بەڵکو ئەو ڕەگەزە ئەتنی و کولتوورییانەن کە بەر لە پرۆسەکانی مۆدێرنە لەئارادابوون. سەرچاوەی ئەم کارەکتەرە تایبەتانەش بریتین لە گروپە ئەتنییەکان و ئەو کولتوورانەی کە هەڵگرین. بەباوەڕی سمیس کێشەی دیدی مۆدێرنیستەکان لەوەدایە کە دیدێکی نوخبەگەرایە و تێیدا نوخبە سیاسی و کولتوورییەکان بەشێوەیەکی شاقوڵی، واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوە، نەتەوە دروستدەکەن. بەم دیدە شاقوڵییەیشیان کۆی ئەو پێدراو و ڕەگەزانە نابینن کە لە خوارەوەی کۆمەڵگادا ئامادەیە و سیفەت و کارەکتەرێکی تایبەت بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئەدات.(Smith 2000: 14-15)

ئەگەر خاڵێک هەبێت دیدی مۆدێرنیستەکان و دیدی ئەتنیسیستەکان بەیەکدیەوە گرێبدات گرنگی «کولتووری هاوبەشە» لەمەسەلەی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا، هەردووکیان باوەڕیان وایە زەحمەتە نەتەوە بەبێ بوونی کولتوورێکی هاوبەش دروستببێت. بەڵام جیاوازیەکەیان لەوەدایە کە ئەتنیسیستەکان کولتووری هاوبەش بۆ مێژوویەکی دوور و درێژ دەبەنەوە و لەکاتێکدا مۆدێرنیستەکان ئەم کولتوورە وەک بەرهەمهێکی تازە دەبینن و ئەیبەستنەوە بە هاتن و ئامادەگی مۆدێرنەوە. سەرەڕای ئەمە لای ئەتنیسیستەکان چەمکی ئەتنیەت وەک ڕەگەزی بنیادنانی نەتەوە لە چەمکی کولتوور زاڵترە، لەکاتێکدا لای مۆدێرنیستەکان چەمکی کولتوور لە چەمکی ئەتنیەت، زاڵترە.

**٥. ناسیۆنالیزم چییە؟**

سەرەڕای بوونی سەرەتاگە و دەسپێکی میتۆدی جیاواز بۆ لێکدانەوەی ناسیۆنالیزم، زۆربەی زانایانی ئەم بوارە لەسەر ئەو بۆچوونەی ئارنست گیلنەر ڕێکن کە ناسیۆنالیزم وەک پرنسیپێکی سیاسی مامەڵەبکەن (Gellner 1994, 1977).

ناسیۆنالیزم لەم بۆچوونەدا بریتییە لەو پرنسیپە سیاسیەی کە دەڵێت هەموو «کولتوورێکی تایبەت» دەبێت لە «فۆرمێکی سیاسی» تایبەتدا بەرجەستەببێت، یان بۆ هەموو کولتوورێک کە خۆی بە کولتوورێکی جیاواز و تایبەت دەزانێت دەبێت شێوازێکی سیاسی خۆدەربڕین و ڕێکخستنی سیاسیش هەبێت. بەمانایەکی دیکە ناسیۆنالیزم بریتییە لە داواکردنی فۆرمێکی

سیاسی بۆ بوونێکی کولتووریی، یان داواکردنی سەربەخۆییەکی سیاسی لەسەر بنەمای سەربەخۆبوونێکی کولتووریی.

جگە لەم داواکارییە سیاسییە ناسیۆنالیزم هەمیشە هەستێکی دەستەجەمعیشە. واتە ناسیۆنالیزم تەنها داواکاری سیاسی نییە، بەڵکو جۆرێک لە هەست و سۆزی کۆیی و دەستەیشە. ئەم هەستەش دەشیت هەستبێ بە خۆشی و فەخر و کامەرانی، کاتێک داواکارییە سیاسییەکان دابیندەبن، دەشبێت هەستکردنبێت بە ڕق و تووڕەیی و ناڕەحەتی کاتێک هەمان داواکاری سیاسی پشتگوێ دەخرێن.

هەندێک نووسەر ئەم تێزەی گێلنەر بەشێوەیەکی دی دەڵێنەوە و دەڵێن ناسیۆنالیزم وابەستەی ئەم هەستی پێکەوەبوونەیە و یەکێکە لە پێداویستییە دەروونییە گرنگەکانی ئینسان. لەم تێزەدا ئینسان بوونەوەرێکە پێویستییەکی بەردەوامی بە هەستکردن بە ئینتیما بۆ دنیایەک و گروهێک و ناوەندێک هەیە گەورەتر لە خۆی و لەو دنیا بچووکەی خۆی بۆخۆی دروستدەکات. ئەم پێویستییەش وابەستەی پێویستیی بەردەوامی ئینسانە بە هەستکردن بە سەلامەتی. نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئەو دووشتەن کە ئەم هەستانە بە ئینسان دەبەخشن. لێرەوە پەیوەندی نێوان ئینسان و نیشتیمان دەبێتە پەیوەندیەکی سایۆکۆلۆژی و ڕۆحی، نەک پەیوەندییەکی سیاسی و کولتووری و ئابووری. ئارنست گێلنەر باس لەم خاڵەدەکات و دەڵێت ڕاستە هەستکردن بە ئینتیما بۆ یەکەیەک گەورەتر لە تاکەکەس، پێداویستییەکی دەروونییە و بەردەوام لە مێژوودا ئامادەبووە و لە قۆناغی پیشەسازی و دوای پیشەسازیشدا هەردەمێنێتەوە. بەڵام ئەوەی ئەم هەستە لە قۆناغی پیشەسسازی و لای ناسیۆنالیزم لەوانیدیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە لە ناسیۆنالیزمدا ئەم ئینتیمایە ئینتیمایە بۆ کولتوورێکی هاوبەش کە لە جومگە و فەزا و کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگادائامادەیە، بۆ شتێک کە هی هەمووانە و هی نوخبەیەک یان هزێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو نییە. ئەمەش هەستکردنێکی نوێیە و جیاوازە لە هەستکردنی قۆناغەکانی بەر لە ناسیۆنالیزم. (Weerenburg 197: 30).

لەپشتی هەر دیدێکی ناسیۆنالیستییەوە دوو بیرۆکەی سەرەکی ئامادەیە، یەکەمیان بیرۆکەی ئازادی و سەربەخۆییە، دووهەمیان بیرۆکەی سەروەری، واتە سیادەیە. ناسیۆنالیزم ئەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێت هەرکەس ئازادە و هەرکەس دەبێت خۆی چارەنووسی خۆی دەستنیشانبکات، هەرکەس لە ماڵی خۆیدا سەروەری خۆیبێ و بەهیچجۆرێک لەدەرەوەڕا حوکمنەکرێت، یان ڕێ بە حوکمکردنی نەگیرێت. (هـ.س.پ ل ٤).

دەرکەوتێکی دیکەی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە هەمیشە داوای برایەتی و یەکێتییەکی نەتەوەیی دەکات، داوای ئەوە دەکات کە خێروبێری نەتەوەیی لەژێردەستی خودی نەتەوە خۆیدابێت و



نیشتیمانێکیش هەبێت هەمووان پێکەوە کۆبکاتەوە. ئەوەی ناسیۆنالیزم جیادەکاتەوە کە گێڕانەوەی هەموو ئەم حیکایەتە دەستەجەمعییانەی بۆ نیاز و داواکاری سیاسییە. سمیس دەڵێت ئەوەی ناسیۆنالیستەکان لە سەردەمانی ڕۆسۆ و هێردەر و فیختە و مازنییەوە داوای دەکەن سێ شتە: سەربەخۆیی، یەکێتی و شووناس.

بە کورتی ناسیۆنالیزم پرنسیپێکی سیاسییە کە داوای دروستکردەنی ماڵێکی سیاسی سەربەخۆ دەکات، لەم کارەیدا کولتوور وەک ئەرزیەتێک بۆ ئەو داواکارییە سیاسییە بەکاردەهێنێت، هەموو حیکایەتە کولتووری و کەلەپووری و مێژووییەکانی ناسیۆنالیزم بۆ بەرقەرارکردنی بوونێکی سیاسی سەربەخۆیە.

ناسیۆنالیزم لەدەرەوەی ئەم پرنسیپە سیاسییەدا هیچ جەوهەر و ماهیەتێکی دیکەی نییە، هەڵەیەکی میتۆدی گەورەیە ناسیۆنالیزم لەم پرنسیپە گەورەتر ببینین و تێکەڵیبکەین بە ڕێبازە ئایدیۆلۆژی و فیکرییەکانی دیکەدا. لە ڕاستیدا بۆئەوەی لە ناسیۆنالیزم تێبگەین و تێکەڵی نەکەین بە ئایدیۆلۆژیا و بزاوتە فیکری و ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی دیکە، دەبێت بەردەوام ئاگاداری ئەم پێناسە گرنگەی ناسیۆنالیزم بین. دەبێ بەردەوام لەو سنوورانەدا تەماشای ناسیۆنالیزم بکەین کە کولتوورێکی دیاریکراو تێیدا داوای فۆرمێک یان ئیعترافێکی سیاسی دەکات. ئەوەی لێرەدا گرنگە ناوەرۆکی کولتوورەکە نییە، ئایا کولتوورێکی پێشکەوتوو یان پاشکەوتووە، کراوەیە یان داخراوە، گرنگی بە زانست ئەدات یان نایدات، گرنگ داواکارییە سیاسییەکە خۆیەتی، گرنگ دروستکرنی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان کولتوور و داواکاری سیاسیدا. بارکردنی ناسیۆنالیزم بە مانای دیکە لەدەرەوەی ئەم مانایەدا دەمانخاتە ناو فەوزایەکی فیکری و میتۆدیەوە، ئەوکات ناسیۆنالیزم یەکساندەکەین بە چەندەها شتی دیکە کە چ لە دوور یان لە نزیک پەیوەندیان بە ناسیۆنالیزمەوە نییە.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئم بیرۆکەیە با نموونە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمبوون و سەربەخۆبوون لای کانت بهێنینەوە. ئەم بیرۆکەیە هەم لای ناسیۆنالیزم، هەم لای لیبرالیزم، هەم لای سۆسیالیزم و هەم لای ڕۆمانتیزم ئامادەیە، بەڵام هەریەکەیان بەشێوەیەکی تایبەت لەناو سیستمی گوتار و پێکهاتی ئایدیۆلۆژی خۆیدا بەکاریدەهێنێت. بۆیە کاتێک ئێمە قسە لە مانا لیبرالەکانی سەربەخۆبوون دەکەین یان لەو مانایانە دەدوێین کە سۆسیالیستەکان بە سەربەخۆبوونی دەبەخشن، ئێمە لەسەرزەمینی ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایەدا دەستبەکارین نەک لە سەرزەمینی ناسیۆنالیزمدا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بیرۆکەیە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ گێلنەر. لای گێلنەر ناسیۆنالیزم وەڵامە بەو پرۆسەی لەبەریەکترازانە کۆمەڵایەتییەی مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە کایەوە. وەک ووتمان هەندێک لە دەرنجامە کۆمەڵایەتییەکانی مۆدێرنە بریتیە

لە لێکدیهەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی و بەها و نۆرمە کۆمەڵەیەتییە سوونەتییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ستراکتووره کۆمەڵایەتییە تەقلیدیەکان و تێکدانی دنیای ناوەکی و دەرەکی گروهە بچووک و داخراوەکان. ئەوەی ئەم پشێوی و پچڕانە کولتووری و تاکەکەسی و گروهیە چارەسەردەکات و بەیەکیانەوە گرێدەداتەوە ناسیۆنالیزمە (Weerenburg 1997: 59). لێرەوە ناسیۆنالیزم هێزی ئامێزانبوونێکی نوێی کۆمەڵایەتییە لەڕێی هێنانەکایەی کولتوورێکی هاوشێوەی گەورەوە کە تاکەکەس و گروهە داپچڕاو و بێ پەیوەندییەکان سەرلەنوێ لە دنیایەکی نوێدا و لەژێر سێبەری پرنسیپێکی سیاسی دیاریکراودا بەیەکدیەوە کۆدەکاتەوە. بەڵام لەو ساتەدا کە ئەم یەکێتییە و ئەو ئامرازە تازەیەی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆمەڵایەتی دێتەکایەوە، واتە کە ناسیۆنالیزم دەبێتە چواچێوەی ئامێزانبوونی کۆمەڵایەتی، ئیدی دەشێت ئەو جەمهورە گەورەیەی کە کولتووری ناسیۆنالیزم بەیەکدییەوە بەستوونەتەوە و کردونی بە نەتەوە، مەبەستی سیاسی دیکە بەرهەمبهێنن و بیروبۆچوونی سیاسی جیاوازیان هەبێت و لە هەوڵی پیادەکردنی پرۆژەی ئایدیۆلۆژیی دیکەدابن.

بەبۆچوونی من بۆ تێگەیشتنێکی زانستییانەی ناسیۆنالیزم دەبێت خۆمان لە دوو مەسەلەی سەرەکی بپارێزین. یەکەم مەسەلەی وێناکردنی هەڵە و ناڕاستی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا دروستدەبێت. ئەو هەڵەیەی لێردا دەبێت ئاگاداربین و تێینەکەوین ئەو بۆچوونەیە کە پێیوایە دەبێت لەپێشدا نەتەوە هەبێت و دروستبووبێت، ئینجا دواتر ناسیۆنالیزم دروستدەبێت، یان ناسیۆنالیزم بەرهەمی نەتەوەیەکی ووشیارە بە بوونی نەتەوایەتی خۆی. بە مانایەکی دیکە ئەو بۆچوونە ڕاست نییە کە دەڵێت بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزممان هەبێت دەبێت پێشتر نەتەوەمان هەبێت. لە ڕاستیدا دروست پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕاستە. واتە ئێمە سەرەتا ناسیۆنالیزممان هەیە و دواتر نەتەوە دروستدەبێت، واتە نەتەوە بەرهەمی ناسیۆنالیزمە نەکا ناسیۆنالیزم بەرهەمی نەتەوەبێت. چونکە ئەو هێزە خەیاڵی و کولتووری و دەزگاییەی هەموو تاک و گروه و کۆمەڵە جیاوازەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و یەک فانتازیای نەتەوەییان پێدەبەخشێت و پێیاندەڵێت کە هەموویان ئەندامی یەک نەتەوەن ناسیۆنالیزمە، ئەوەی بیرۆکەی کولتوورێکی نەتەوەیی هاوبەش پێشنیاردەکات ڕەگوڕیشە و خەسڵەت و تایبەتمەندێتی بۆ دادەهێنێت ناسیۆنالیزمە، ئەوەی داوای بوونێکی سیاسی لە فۆرمی نەتەوەیەکی بەدەوڵەتبوودا بۆ ئەم کولتووره تایبەتە دەکات ناسیۆنالیزمە، ئەوەی کە بەهەمووان یەک چاوەڕوانی و یەک وێنەی ڕابووردو و یەک شووناس دەبەخشێت ناسیۆنالیزمە. بەکورتی کۆی ئەو شتانەی کە نەتەوەیک دروستدەکەن پێشوەخت دەبێت بزاوتێکی ناسیۆنالیستی هەبێت کە بەرهەمیانبهێنێت. لەسەرێکی دیەکەوە ئەگەر نەتەوە



پێدراوێکی سروشتی نەبێت و دروستکراوێکی مێژوویی و کولتووریی و سیاسی بێت، ئەوەی ئەم پێدراوە مێژووییە دروستدەکات ئەو هێزە سیاسییانەن کە بەخۆیان دەڵێن ناسیۆنالیزم.لەم ڕووەوە ئارنست گیڵنەر کۆمەڵێک بۆچوون و لێکدانەوەی هێجگار گرنگی هەیە (Gellner. 1994)

هەڵەیەکی دیکە کەنابێت تێیبکەوین یەکسانکردنی ناسیۆنالیزمە بە مۆدێرنە، ڕاستە ناسیۆنالیزم بەبێ مۆدێرنە دروستنابێت، بەڵام ناسیۆنالیزم یەکسان نییە بە مۆدێرنە. مۆدێرنە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی هێجگار ئاڵۆز و فرەفۆرمە. ناسیۆنالیزم، وەک گیڵنەر دەڵێت، یەکێک لە بەرهەمە حەتمییەکانی ئەم پرۆسەیەیە. بەبۆچوونی گیڵنەر ناسیۆنالیزم بەرهەمێکی لاوەکی پرۆسەی بە پیشەسازیبوونە، بە هەمانشێوە وەکچۆن لیبرالیزم و سۆسیالیزم و کۆسمۆپۆلیتیزم و ئەنارشیزم و ڕۆمانتیزمیش بەرهەمی مۆدێرنەن. بۆیە ئەو چاوەڕوانیانەی ئینسان بەرامبەر بە مۆدێرنە وەک گشتێک هەیەتی، نابێت هەمان ئەو چاوەڕوانیانە بن کە لە ناسیۆنالیزمی هەیە. ئەوەی مۆدێرنە سەرزەمینی عەقلانیەت و داماڵینی جادوە لە دنیا، ئەوەی پرۆسەی دەستەمۆکردن و باڵادەستبوونی ئینسانە بەسەر سروشتدا، ئەوەی پێشنیارکەری دیموکراسیەت و عەدالەتی کۆمەڵەیەتی و یەکسانییە، ناکرێت هەمووی لە ناسیۆنالیزم داواکرێت کە دەشێت هەڵگری هیچ یەکێک لەو کاراکتەرانە نەبێت. بێگومان هەموو بزاوتێکی ناسیۆنالیستی دواجار دەبێتە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، لە ئایدیۆلۆژیای فاشیزمەوە بیگرە بۆ لیبرالیزم و سۆسیالیزم. بەڵام خودی ناسیۆنالیزم خۆی نە فاشیزمە نە سۆسیالیزم نە لیبرالیزم. ناسیۆنالیزم دەتوانێت کاراکتەرێکی عەلمانی هەبێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەکرێت کاراکتەرێکی دینیشی هەبێت، دەشێت ناسیۆنالیزم ناسیۆنالیزمێکی لیبرال بێت بەڵام دەشێت ناسیۆنالیزمێکی فاشی و نازییانەش بێت. من پێموایە ئەم هەڵەیە لای زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی کورد ئامادەیە و سنووری ماناکانی ناسیۆنالیزم ئەوەندە فراواندەکەنەوە کە دەبێتە تێکەڵێکی سەیر لە هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیا و دەسکەوت و ڕەهەندە ڕەخنەیی و مەعریفی و عەقڵیانەی مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێتە پێشەوە. هەندێکجار کۆی ئەو داواکارییانەی لە ڕۆشنگەری وەک گشتێک چاوەڕواندەکرێت، بەناهەق لە ناسیۆنالیزمیش چاوەڕواندەکرێت.

هەندێک نووسەر هەن سنوورەکانی ناسیۆنالیزم بەڕادەیەک تەسکدەکەنەوە کە تەنانەت ناوی ئایدۆلۆژیاشی پێ ڕەوا نابینن. بەنەدیکت ئەندرسۆن و پاف (Paff) نموونەیەکن لەو نووسەرانە. (Paff) پێیوایە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیا نییە چونکە ناسیۆنالیزم یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی ئایدیۆلۆژیای تێدا نییە کە ڕەگەزی گەردونیبوونە. ئایدیۆلۆژیا

هەمیشە جیهانییە کەچی هەموو بزاوتێکی ناسیۆنالیستی بە زەرورەت دژ بە دنیای دەرەوەیە یان لانیکەم پشت دەکاتە دنیای دەرەوە. (Weerenburg 1997: 31)

گیلنەریش ڕای وایە کە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵکو دروستبوونی پەیوەندییەکی تایبەتە لەنێوان کولتوور و سیاسەتدا. وەک ووتمان لای گیلنەر ناسیۆنالیزم بەرهەمێکی حەتمی شۆڕشی پیشەسازییە، بەڵام دەشێت سەرکردە سیاسییەکان بیکەن بە ئایدیۆلۆژیا یان وەک ئایدیۆلۆژیا بەکاریبهێنن بەوەی بە ئامانجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە گرێیبدەن. (Weerenburg 1997: 31) بە مانایەکی دیکە دەشێت ناسیۆنالیزم لەدەرەوەڕا بە ئایدیۆلۆژییە فیکرییەکانی دیکە بارگاویبکرێت. وەک بن ئیسرائیلیش دەڵێت، دەشێت ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەم ئایدیلۆژیای چەپڕەوەکان و هەم ئایدیۆلۆژیای ڕاستڕەوەکان بێت. دەشێت دیوێکی خەونی ئازادی و یەکسانی بێت بەڵام دیوەکەی دیکەی جینۆساید و سووکایەتیکردن بێت بە ئینسان و کۆمەڵگا.

ناسیۆنالیزم و بزاوتە ناسیۆنالیزمیەکان ناکرێت لەژێر چەتری یەک ئایدیۆلۆژیادا کۆبکرێنەوە. ناسیۆنالیزم خۆی پرنسیپێکی سیاسییە بەڵام زیاد لە فۆرم و زیاد لە ناوەرۆکێکی ئایدیۆلۆژی دەگرێتە خۆی. ناسیۆنالیزم هەیە هەڵگری دیدێکی لیبرالانەیە بۆ دنیا و بۆ شێوازی حکومەت و چۆنیەتی ڕێکخستنی دەسەڵات، بەڵام ناسیۆنالیزمی دی هەیە شۆڤینیست و خودپەرستە و خۆی لە نەتەوەکانی دیکە بە گرنگتر و مەزنتر دەزانێت. ناسیۆنالیزم هەیە ڕاسیستانەیە و لە فاشیزمەوە نزیکە، بەڵام ناسیۆنالیزم هەیە چەپگەرە و هەڵگری دیدێکی مارکسیانەیە بۆ جیهان. ناسیۆنالیزم هەیە جوداخوازە، هەیە یەکێتی تەڵبە، هەیە تەنها بە ئیعترافێکی کولتووری ڕازییە و دەوڵەتی ناوێت، هەشە بان ـ نەتەوەییە و بە فۆرمی تاقە دەوڵەتێک یان دەوڵەتێکی ناوچەیی ڕازی نییە ( وەک ناسیۆنالیزمی عەرەبی، پان ـ جەرمانی و پان ـ سلاڤی).

ناسیۆنالیزم هەیە دوای ماڵئاواییکردن لە ئاین دروستدەبێ و کارەکتەرێکی عەلمانی وەردەگرێت، وەک ناسیۆنالیزمی فەرەنسی و تورکی، بەڵام ناسیۆنالیزم هەیە تا سەر ئێسقان دینییە و ئاین بنەماکەیەتی، وەک ناسیۆنالیزمی یەهودی لە ئیسرائیلدا و ناسیۆنالیزمی پاکستانی و ئێرانی. ناسیۆنالیزم هەیە تەنها مانایەک کە هەیبێت کورتبوونەوەیەتی بۆ هەڵگرتنی پەساپۆرتی ئەو وڵاتە و بەخشینی باج و ڕێزگرتن لە یاسا، وەک ناسیۆنالیزمی بەشێکی زۆری ئەوروپای ڕۆژئاوا، بەڵام ناسیۆنالیزمی تریش هەیە لە خوێن و قوربانی کەمتر داواناکات، وەک ناسیۆنالیزمی کوردی و فەلەستینی و ئیرلەندی و باسکی و کاتالانی و فەلەستینی و ئیسرائیلی و ئێرانی و هتد... ناسیۆنالیزم هەیە لەسەر بنەمای ئەتنی



دروستدەبێ، هەیە لەسەر بنەمای کولتووریی و هەشە لەسەر بنەمای هەردووکیان. ناسیۆنالیزم هەیە فیکرەی سەرەکی تێیدا نیشتیمانە، بەڵام ناسیۆنالیزم تر هەیە مەنفا بیرۆکە سەرەکییەکەیەتی، وەک ناسیۆنالیزمی یەهودی.

**١.٥: دوو شەپۆلی ناسیۆنالیزم**

زۆربەی مێژوونووسانی ناسیۆنالیزم لەو باوەڕەدان کە مێژووی ناسیۆنالیزم وەک گوتار دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم. شوێنی هاتنەکایەی ئەم گوتارەش بە ئەوروپای ڕۆژئاوا و سەروی ئەمریکا دەستنیشان دەکەن. بەیاننامەی سەربەخۆبوونی ئەمریکا لە ساڵی ٦٧٧١ دا و شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ٩٨٧١ دا و کتێبەکەی فیختە بەناونیشانی (چەند گوتارێک بۆ نەتەوەی ئەڵمانی) لەساڵی ٧٠٨١ دا بە سەرەتای هاتنەکایەی ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا دادەنرێت. (Hutchinson & Smith 1994) (٥) بەڵام مێژووی ناسیۆنالیزم زیاد لە هەڵبەز و دابەزێکی گرتۆتەخۆی، هەندێک نووسەر هەن سێ شەپۆل و هەندێکی چوار شەپۆلی ناسیۆنالیزم لەیەکدی جیادەکەنەوە. ئەمانەش گرێدەدەن بەڕووداوە سەرەکییەکانی مێژووی ئەم دوو سەدەو نیوەی دوایی. واتە لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێتی. بەڵام ڕەنگە ئاسانترین دابەشکردنێک بۆ ئەم شەپۆلانە بکرێت، دابەشکرنیان بێت بۆ دوو شەپۆل کە لەهەمانکاتدا هاوشانە بە چۆنیەتی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی مۆدێرنە بە جیهاندا و بە بڵاوبوونەوەی ئەو دوو شێوازەی ناسیۆنالیزم کە پێشتر هێمامان پێکردن، مەبەستم ناسیۆنالیزمی مەدەنی و ناسیۆنایلزمی ئەتنییە. بەکورتی دەشێت دوو نەوە یان دوو شەپۆلی گەورەی ناسیۆنالیزم لەیەکدی جیابکەنەوە. شەپۆلی یەکەمیان ئەو شەپۆلەیە کە مۆدێرنە وەک پرۆسەیەکی تازەبوونەوەی سەرتاسەری بەرهەمیدەهێنێت، ئەم شەپۆلە لەو کۆمەڵگایانەدا دێتە کایەوە کە مۆدێرنە تیایدا چوارچێوەی مێژووی باڵادەستی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە. ئەم شەپۆلە لە ناسیۆنالیزم ئەمریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی دەگرێتەوە. لەکاتێکدا شەپۆلی دووهەمیان ئەو شەپۆلەیە کە نەک بەرهەمی ڕاستەوخۆی مۆدێرنە نییە، بەڵکو بەرهەمی کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە بەڕووی مۆدێرنەدا. بەواتایەکی دیکە ئەم شەپۆلە لە ناسیۆنالیزم لەو کۆمەڵگایانەدا لەدایکدەبێت کە «مۆدێرنەیەکی ناتەواوییان» تێدایە و ئەم ناتەواویەش وایکردوە چوارچێوە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان کۆی ئەو گۆڕانە ڕیشەییانەیان بەسەردا نەبهاتبێت کە مۆدێرنە دەیانخاتەوە. ئەمەش کۆی ئەو بزوتنەوە ناسیۆنالیزمانە دەگرێتەوە کە لەدوای ناسیۆنالیزمی ئەمریکی و ئینگلیزی و فەرەنسییەوە دروستدەبن، چ لەناو ئەوروپا خۆیدا و چ لە دەرەوەی ئەوروپاشدا. وەک ووتیشمان شەپۆلی یەکەمیان چ لە ئەمریکا و چ لە

فەرەنسا و چ لە ئینگلتەرەدا کارەکتەرێکی مەدەنیانەی هەیە و چەمکی هاوڵاتیبوون بەڕێوەی دەبات، لەکاتێکدا شەپۆلی دووهەمیان کاراکتەرێکی ئەتنیانەی هەیە و چەمکی کولتوور و مێژوو کەلەپووری ئەتنی ڕۆڵی سەرەکی تێدادەبینێت. لەڕووی فەلسەفیشەوە یەکەمیان مناڵی دیدێکی لیبرالانەیە بۆ دنیا، لەکاتێکدا دووهەمیان مناڵی دیدێکی ڕۆمانسیانەیە و ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی ئەو مۆدێلەیە کە دەربڕی کاراکتەرەکانی شەپۆلی دووهەمیانە.

بە مانایەکی دیکە ئەگەر شەپۆلی یەکەمیان دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەبێت کە مۆدێرنە لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی و کولتووری و خەیاڵیدا دروستیان دەکات و لەناو هەناوی ئەو پرۆسانەوە هاتبێتە دەرەوە ئەوا دووهەمیان وەک بەرهەمی مۆدێرنەیەکی نیوە و ناچڵ لەدایکدەبێت. لە یەکەمیاندا ناسیۆنالیزم لەسەر بنەماکانی دروستبوونی «کولتووری نوێ» و «بیرۆکەی هاووڵاتیبوون» و «کۆمەڵگای مەدەنی» و «ئابوری تازە» و «خەیاڵگەی نوێ» دروستدەبێت، لە دووهەمیاندا زیاتر لەسەر بنەمای ئەتنیەت و سیمبۆڵ و زاکیرە و مێژووی هاوبەش و ئەفسانەی نەتەوەیی و ڕابووردوی زێڕین و هتد.. دروستدەبێت. یەکەمیان نوێگەرە دووهەمیان دێرینەگەرە، یەکەمیان ناسیۆنالیزمێکی مەدەنییە و دووهەمیان ئەتنیە.. لەڕووی مێژووییەوە شەپۆلی یەکەمیان شەپۆلی سەرەتایە شەپۆلی دووهەمیان تا ڕادەیەکی زۆر لە پەیوەندی کێبەرکێ و ملاملانێ و لاساییکردنەوەی ئەو شەپۆلەدا دروستدەبێت.

بە بەراوردکردنی بە شەپۆلی یەکەمی ناسیۆنالیزم، شەپۆلی دووهەمیان شەپۆلێکە بە ڕێگا و ڕاڕەوێکی جیاوازی بنیادنانی نەتەوەدا تێدەپەڕێت. ئەگەر نەتەوە لە یەکەمیاندا دەرنجامی تێکچوونی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی کۆن و هاتنەکایە و لەدایکبوونی جیهانێکی کۆمەڵایەتی نوێبێت، ئەوا شەپۆلی دووهەمیان لەباتی ئەم تازەکردنەوەیە لەدۆخێکی قەیراناوی نیوە مۆدێرن و نیوە سوونەتیدا لەدایکدەبێت، بۆیە لەباتی گەڕانەوە بۆ بیرۆکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لەباتی کولتوورێکی مەدەنایانە و لەباتی بیرۆکەی هاووڵاتی، زیاتر پشت بە ڕەگەزە ئەتنییەکان دەبەستێت بۆ بەستنەوەی گروهە جیاجیاکان بەیەکدیەوە. بە مانایەکی دیکە شەپۆلی دووهەمی ناسیۆنالیزم ئەو شەپۆلەیە کە بەناو هەناوی تازەگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکاندا تێناپەڕێت، نە لەبەرئەوەی ناسیۆنالیزم بە حەتمی مانای تازەبوونەوەیە لەو بوارانەدا، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو چوارچێوە مێژووییەی تێیدا دروستدەبێت چوارچێوەیەکە لە دۆخی لاسایکردنەوە و گەشەنەکردن و باڵادەستی ڕەگەزەکانی جیهانی بەر لە مۆدێرنەدا دەژی. بە مانایەکی دیکە شەپۆلی دووهەمی ناسیۆنالیزم گیرۆدەی ناکامڵی و لاوازی و قووڵ ڕۆنەچوونی مۆدێرنەیە لە کۆمەڵگایانەدا و لەدەرەوەی ئەو کولتوورە نوێیەدا لەدایکدەبێت کە مۆدێرنە لەگەڵخۆیدا دەیهێنێت. لەم شەپۆلەدا پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون و بە



نەتەوەبوون، پرۆسەیەک نین لەڕێگای چەمکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاوڵاتی و تاکگەراییەوە ڕوودەن، بەڵکو پێداگرتنە لەسەر ئەتنیەت و پەیوەندییە ئەتنیەکان.

خاڵێک کە لێرەدا گرنگە هێمای پێبکەین ئەوەیە کە گەشەی بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکان لە دوو سەدەی ڕابووردودا گەشەیەکە لە «ناسیۆنالیزمی ئەتنییەوە» بۆ «ناسیۆنالیزمی مەدەنی»، بێگومان ئەم گەشەیە بەبەردەوامی لەسەر هێڵێکی ڕاست نەڕۆیشتوە، بەڵکو هەڵبەزودابەز و پاشەکشە و گەڕانەوە لە مەدەنیەتەوە بۆ ئەتنیەتی تێکەوتووە، بەڵام لەدواجاردا کۆمەڵێک لە ناسیۆنالیزمە ئەتنییەکانی شەپۆلی دووهەم گۆڕاون بۆ ناسیۆنالیزمی مەدەنی و ئەو کاراکتەرانەیان وەرگرتوە کە شەپۆلی یەکەم هەیبووە. باشترین نموونەیەک ئەم گۆڕانکارییە بەرجەستەبکات گۆڕانی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی و بەشێکی زۆری ناسیۆنالیزمی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتن، لە ناسیۆنالیزمی ئەتنیەوە بۆ مەدەنی، هاوشان بە گۆڕانی چوارچێوە کۆمەڵایەتییە گشتییەکانی ئەو وڵاتانە لە چوارچێوەیەکی مۆدێرنی نیوەوناچڵەوە بۆ چوارچێوەیەکی کامڵ. ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی و ناسیۆنالیزمی سەر بە نەتەوەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات سەر بە نەوەی دووهەمی ناسیۆنایزمن، واتە ناسیۆنالیزمێکن لەسەرەتادا لەسەر بنەمای ئەتنیەت دروستبوون، بەپێچەوانەی ناسیۆنایزمی ئینگلیزی یان فەرەنسییەوە کە هەر لەسەرەتاوە وەک ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی لەپاڵ بیرۆکەی هاوڵاتیبوون و دەستوور و مافی یەکسانبوون لەبەردەم یاسادا دروستدەبن. بەڵام وەک ووتمان ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی لە گەشەی خۆیدا توانیویەتی تا ڕادەیەک لە بنەما ئەتنییەکانی دوورکەوێتەوە و سروشتێکی مەدەنیانە بگرێتە خۆی، لەکاتێکدا هەندێک لە ناسیۆنالیزمەکانی تری ناو شەپۆلی دووهەم هێشتا هەر لەسەر بنەما ئەتنییەکانی خۆیان دەژین. لەوانەش ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ناسیۆنالیزمی کوردیشەوە، ناسیۆنالیزمێکن سەر بە شەپۆلی دووهەمن و تا ئێستاش هەڵگری زۆربەی کارەکتەرەکانی ئەم شەپۆلەن، هەندێکجار پەڕگیرترین فۆرمی دینی و ئەتنی دەگرنەخۆیان و لە ناسیۆنالیزمێکی فاشیانە نزیکدەکونەوە، وەک ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەچاپە بەعسییەکەیدا. لە ڕووی مێژووییەوە شەپۆلی دووهەمی ناسیۆنالیزم هەڵگری ئەو شێوانەشە لە ناسیۆنالیزم کە جینۆساید و کووشتوبڕە دینی و ئەتنییە گەورەکانی مێژووی هاوچەرخی بەرهەمهێناوە، وەک کۆکوژییەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا و سیربیا و تورکیا و عێراق و ڕواندا و هتد.... بنیادنانی شووناسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ئەتنیەت، ئەو کێشەیە دروستدەکات کە دەشێت ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافی گروهە ئەتنیەکانی دیکە و هەمیشە وەک بێگانە و ناحەز تەماشابکرێن، بەمەش دەرکرێنە دەرەوەی شووناسی نەتەوەییەوە.

## ٢.٥: ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزم

ڕەنگە لە جیهاندا ناسیۆنالیزمێک نەدۆزینەوە کۆمەڵێک ئەفسانەی نەتەوەیی بەرهەمنەهێنابێ و ئەم ئەفسانانەشی وەک هەقیقەت پێشنیارنەکردبێت. ڕەنگە جیاوازییەکان تەنها لەبڕی ئامادەگی ئەم ئەفسانە نەتەوەییانەدابێت، لە ناسیۆنالیزمێکدا کە کاراکتەرێکی مەدەنییانەی هەبێت بڕی ئەم ئامادەگییە لاوازتربێت تا لە ناسیۆنالیزمێکدا کە کاراکتەرێکی ئەتنیانەی هەیە. کردنی ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزمیش بە هەقیقەت هەمیشە بەناو پێکهاتێکی ئایدیۆلۆژیدا تێدەپەڕێت کە چەندەها شت بەیەکدی تێکەڵدەکات کە لەڕووی زانستی و مێژووییەوە ناکرێت بەیەکدی تێکەڵبکرێن. بۆ نموونە ناسیۆنالیزم مێژووی نەتەوە بۆ ڕۆژگارێکی هێجگار دێرین دەباتەوە، کەسەکانی ناو ئەو مێژووە دێرینە وەک پاڵەوانی نەتەوەیی دەناسێنێت و ڕووداوەکانیشی وەک ڕووداوی نەتەوەیی پێناس دەکات، لەکاتێکدا نەتەوە و ناسیۆنالیزم دوو بەرهەمی تازەی مێژووی نوێی مرۆڤایەتین و بەهیچ مانایەک تەمەنیان هەزاران ساڵ نییە. جگە لەمەوە لەڕووی ناوەرۆکەوە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی، ئەگەر ناسیۆنالیزم ببێت بە ئایدیۆلۆژیا، پڕیەتی لە ڕەگەزی ناکۆک و دژ بەیەکی ناو ئایدیۆلۆژیا باڵادەستەکانی دیکەی مێژووی هاوچەرخ، لەیەکاتدا باس لە سۆسیالیزم و ملکیەتی تایبەت و تایبەتمەندی نەتەوەیی و حیزبی پێشڕەو چەندان شتی دی دەکات کە هەریەکێکیان سەر بە ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی جیاوازن. لەمێژووی هەر ناسیۆنالیزمێکدا دەیان ئەفسانەی مێژوویی و کولتووری کۆن و هەنووکەیی و چەندان مژدە و بەڵێنی جیاجیا هەن کە هەموویان لەڕێگای تێکەڵکردنێکی نالۆژیکی و ناڕاستەوە لەپاڵیەکدا ڕیزکراون. هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەم کۆلاژکارییە بە سیفەتی تەنها یەکێک لە ناسیۆنالیزمەکان بزانین. یاخود چاوەڕوانی ئەوەبین ناسیۆنالیزم لەباتی ئەنجامدانی ئەم کارە هەڵگری سیستمی عەقلانی و مەعریفی گەورەبێت. ناسیۆنالیزم بەدوای مەنهەجی عەقلی و زانستی و مێژووییدا ناگەڕێت، بەپێچەوانەوە ناسیۆنالیزم پڕیەتی لە ئەفسانە و وەک ڕێنانیش دەڵێت نابێت بچینە بنج و بناوانی ناسیۆنالیزمەوە چونکە ئەفسانەکانی کەشفدەبێت.

ناسیۆنالیزم بە پلەی یەکەم پرنسیپێکی سیاسییە، بۆ سەلماندی ڕەوایەتی ئەم پرنسیپەش چەند پێویستی بە ژمارەیەک دەسکەوتی مەعریفی و فیکری هەیە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش پێویستی بە ئەفسانە و ڕەمز و کولتووری حەماسەت هەیە. ئەوەی ناسیۆنالیزم لە پرنسیپێکی سیاسییەوە دەکاتە پرۆژەیەکی کۆمەڵەیتی فرە ڕەهەند و عەقلانی و دیموکرات کۆی ئەو سیستمە مەعریفی و ئەخلاقی و کولتووری و ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتییانەی دیکەشن کە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا لەپاڵ ناسیۆنالیزمدا ئامادەن. بۆ نموونە لیبرالیزم هەوڵئەدات مەیلە



تۆتالیتارییەکانی ناسیۆنالیزم و داخرانە ئەتنییە بەرتەسکەکانی لاوازبکات، سۆسیالیزم سەرقاڵی ئەوەدەبێت هەقیقەتی نوخبەگەرا و لەوێشەوە مەیلە نایەکسانەکانی ناسیۆنالیزم دەستەمۆکات، ئەنتەرناسیۆنالیزم هەوڵئەدات ڕووە شۆڤینییەکانی ناسیۆنالیزم بەیدەستکات. ڕۆمانتیزم ڕووە کۆییە گشتگیر و مەیلە جیاوازیی کوژەکانی ناسیۆنالیزم لەناوببات.

سەرزەمینی سەرەکی بەرهەمهێنانی ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزم مێژووە. ئەو ڕابووردوە پڕ حیکایەتەیە کە ناسیۆنالیزم قولایی هەزاران ساڵی پێدەبەخشێت. حیکایەتەکانی ناسیۆنالیزمیش هەم حیکایەتی سەروەری و هەم حیکایەتی تراژیدیای نەتەوەیین، حیکایەتی شین و شەپۆڕ و حیکایەتی ئاهەنگ و سەما کۆییەکانن. زۆربەی بزاوتە ناسیۆنالیستییەکانیش پێویستییان بە ئەفسانەی دوژمنێکی ڕاستەقینە یان دروستکراو هەیە، ئەم دوژمنەش وەک سەرچاوەی شێواندنی ئارامی و بەختەوەری نەتەوە نیشانئەدرێت. ناسیۆنالیزم وێنەکانی ئەم دوژمنەش لە مێژووەوە وەردەگرێت و بەم کارەشی قووڵاییەکی هەزاران ساڵە بەو دوژمنایەتییە دەبەخشێت. مێژوو دەبێتە ئەو عەمبارە گەورەیەی ناسیۆنالیزم هەموو ئەو وێنانەی تێدا دەدۆزێتەوە، یان تیایاندا دادەتاشێت کە لە ئێستادا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکانی دەیانخاتە گەڕ. لێرەوە مێژوو لای ناسیۆنالیزم ڕۆڵێکی لەڕادەبەر گرنگدەبینێت، چیدی مێژوو پێدراوێکی بێڕۆح و زەمەنێکی تێپەڕ و دنیایەکی بەتاڵ نابێت بەڵکو خەزێنەی دۆزینەوەی سەروەری و ئەفسانە و سیمبولە زێڕێنەکانی نەتەوەیە.

ناسیۆنالیزم سیاسەتێکی تایبەتی مامەڵەکردنی زەمەن و مێژووشی هەیە. بەشێوەیەکی زۆر تایبەت ڕووداوەکانیان یاددەکاتەوە و بەشێوەیەکی زۆر تایبەتیش لەیادیان دەباتەوە. هەم یادهاتنەوە و هەم لەیادکردن دوو پرۆسەی زۆر گرنگی ناسیۆنالیزمن و مەبەست و ئامانجی سیاسی دیاریکراو هەردووکیان بەڕێوەدەبات.

بێنەدیکت ئەندرسۆن تا ئەو ئاستە دەڕوات کە بڵێت ناسیۆنالیزم مێژوو وەک چەمک دادەهێنێت. بە باوەڕی ئەندرسۆن بەر لە هاتنەکایەی ناسیۆنالیزم ئینسان لەناو مێژوودا نەژیاوە، بەڵکو لەناو کۆسمۆسدا ژیاوە و لەباتی زانستی مێژوو کۆسمۆلۆژیا لە ئارادابووە. لای ئەندرسۆن ناسیۆنالیزم دەستکارییەکی قووڵی هەستکردن بە زەمەن و ماناکانی زەمەن دەکات، ئەمەش ئەو دەرەنجامە گرنگەی لێدەکەێتەوە کە کۆسمۆلۆژیا دەکات بە مێژوو. مێژوو لە گوتاری ناسیۆنالیزمدا قورساییەکی ئەخلاقی هێجگار گەورە وەردەگرێت، هەندێکجار وایلێدێت زەحمەتە گۆڕانێکی سیاسی یان کولتووری پیادەکرێت بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەو مردوانەی لەو مێژووەدا مانایەکی تایبەت و پێناسێکی دیاریکراویان بۆ سیاسەت و کولتوور و

ئەخلاق و کۆمەڵگا داناوە. لەم گوتارەدا ڕابووردو پیرۆزدەکرێت و زۆرجار دەبێتە سەرزەمینی وەرگرتنی شەرعیەت. ئەو پەیوەندییەی لێرەدا خەڵک بەڕابووردووەوە گرێدەدات دەبێتە پەیوەندیەکی عاتیفی کە تێیدا ویژدانی کۆیی وزە و هێزی بەردەوامبوونی لێوەردەگرێت. بەشێوەیەکی گشتی نەوەی دووهەمی ناسیۆنالیزم بۆ پڕکردنەوەی نووقسانییە مەدەنییەکانی گرنگییەکی زۆر بە ئەفسانە نەتەوەییەکان دەدات، پاڵەوانی ساختە و ڕاستەقینە دروستدەکات. چەند ناسیۆنالیزم لە مانا مەدەنیی و دیموکراسییەکان نزیکبێتەوە ئەوەندەش لەم ئەفسانە و دێرینەگەراییەش دووردەکەوێتەوە.

خاڵێکی دیکەی شایانی سەرنجدان بریتییە لە میکانیزمی دروستکردنی بەهەشتێکی لەدەستچوو. ناسیۆنالیزم بەردەوام وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ سەردەمێکی زێڕینی تێپەڕیو، بۆ بەهەشتێکی وونبوو جیهانێک کە پڕبووە لە بەختەوەری نەتەوەیی، دروستدەکات. ئەوەشی کەوایکردوە ئەم بەهەشتە وونببێت، ئەو دوژمنانەن کە لەئێستاشدا ناهێڵن نەتەوە بەهەشتێکی دی دروستبکات.

بۆیە هەموو ناسیۆنالیزمێک مژدەی دروستکردنی بەهەشتێکی پێیە کە بەڵێنی دامەزراندنەکەی هەڵدەگرێت بۆ دوای سەرکەوتن و لەناوبردن و دەرکردنی دوژمنان. ئەم دامەزراندنەش زۆرجار لەژێر چاودێری سەرکردەیەکی کاریزمیدا بەجێدەهێنێت کە سەرکردەیەکی پیرۆز و مێژوویی و هەڵەنەکەرە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەستی نەتەوە بەرەو ڕزگاری دەگرێت. ئەم دیدە خەلاسییە دیدێکی دینییە و ناسیۆنالیزم لەناو گوتارێکی نادینیدا بەگەڕیدەخات.

هەموو ناسیۆنالیزمێک هەڵگری پێشبینییەکی پێغەمبەرانە و دیدێکی خەڵاسییە.

سەرەڕای ئەمانە هەموو ناسیۆنالیزمێک حیکایەتی گریان و شەپۆڕی دەستەجەمعی هەیە، گریان بۆ قوربانییەکان و شین و شەپۆڕ بۆ کارەساتەکان، بەڵام لەهەمانکاتدا چەندان ئاهەنگ و شایی و هەڵپەڕکێ و کەرنەڤاڵی نەتەوەییشی هەیە، کەتیایاندا «خۆشبەختییە نەتەوەییەکان» یاد دەکرێنەوە.

**٣.٥: داهاتووی ناسیۆنالیزم**

لە فیکری سیاسی هاوچەرخدا دوو ڕای ناکۆک و دژ بەیەک بەرامبەر ئایندەی ناسیۆنالیزم لەئارادان. یەکەمیان پێیوایە ناسیۆنالیزم ڕۆژگاری خۆی ژیاوە و لە ئایندەی مرۆڤایەتیدا شوێن و جێ و گرنگییەکی ئەوتۆی نەماوە. ئینتەرناسیۆنالیزم و ترانس ناسیۆنالیزم و جیهانگیریی شوێنی ناسیۆنالیزم دەگرنەوە. لەم دیدەدا باس لەوەدەکرێت کە گرنگترین



ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن، لە ئابوورییەوە، بۆ میدیا و بۆ زانیاری و بۆ تەکنۆلۆژیای نوێ چیدی لە سنووری نەتەوەییەکاندا دەستبەکار نین، بەڵکو هەموو زەوی بۆتە سەرزەمینی ئامادەگی و کارکردنیان. باس لەوە دەکرێت کە سەرمایە و زانیاری و تەکنیک و ئینسان و وێنە و کولتوور بوونەتە کۆچەری و ڕۆژانە سنووری نەتەوەیی و کولتووری و ئەتنییەکانن دەبەزێنن و سەر بەهەموو کۆنوقوژبنێکی جیهاندا دەکەن. ئەمەش، لای هەڵگرانی ئەم دیدە، ئەوەدەگەیەنێت کە ناسیۆنالیزم لاوزبووە و لاوازدەبێت و لەئایندەدا شوێنێکی ئەوتۆی لەسەر نەخشەی سیاسی و کولتووری و ڕەمزی جیهان نامێنێتەوە.

دژ بەم ڕایە، بەشێکی دیکەی فیکری سیاسی هاوچەرخ ڕای وایە کە ناسیۆنالیزم نەک لە ئێستادا لاواز نەبووە و ڕۆژگاری بەسەر نەچووە، بەڵکو لە ئایندەشدا گرنگی خۆی دەپارێزێت، گەر بەچەندان شێوە ئەم گرنگیە زیادیش نەکات. لەم ڕووەوە نووسەرێکی وەک مایکڵ لیند دەنووسێت: «سەدەی نۆزدە سەدەی ناسیۆنالیزم بوو. سەدەی بیستەمیش دیسانەوە سەدەی ناسیۆنالیزم بوو. سەدەی بیستویەکەمیش هەر سەدەی ناسیۆنالیزم دەبێت». Pfaff ڕای وایە کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا ناسیۆنالیزم لە ئێنتەر ناسیۆنالیزمی بردەوە ئەمە لەکاتێکدا سەدەی نۆزدەهەم بە بەراورد بە سەدەی بیستەم لە زۆر ڕووەوە سەدەیەکی ئێنتەرناسیۆنالیستانەتر بوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناسیۆنالیزم بووە گەمەکەری یەکەمی ئەو سەدەیە .(Pfaff 1993)

**٤.٥: تێزەی کۆتایی نەتەوە**

«ڕۆژێک دێت نەتەوە و ناسیۆنالیزم کۆتاییان پێبێت». ئەم تێزەیە بەتەنها تێزەیەکی مارکسییانە نییە و بەتەنها مارکسییەکان هەڵگری ئەو باوەڕە نین کە نەتەوە کۆتاییپێدێت. ڕەنگە کێشەی سەرەکی ئەم دیدە مارکسییە، بەبەراورد بەو دیدانەی دیکە کە باس لە کۆتاییهاتنی نەتەوە دەکەن، لەوەدابێت کە مارکسیزم زۆر زوو چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی نەتەوە و کۆتایی دەوڵەتیان دەکرد. مارکس ئەم چاوەڕوانییەی خستبووە سەدەی نۆزدەهەم خۆیەوە. هەر لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەپاڵ مارکسدا ئارنست ڕێنانیش باوەڕی وابوو کە نەتەوە هەتاهەتایە نامێنێتەوە، بەڵکو لە ساتێک لە ساتە مێژووییەکاندا لەناودەچێت و ماڵئاوایی دەکات. بەڵام بەپێچەوانەی مارکسەوە ڕێنان لە ساڵی ٢٨٨١ دا دەنووسێت کە ئەم لەناوچوون و ماڵئاواییکردنە «یاسای ئەو سەدەیە نییە کە ئێمەی تێدا دەژین»، واتە ناکەوێتە سەدەی نۆزدەهەمەوە.

لە ڕاستیدا مارکس سی ساڵێک بەر لەو قسانەی ڕێنان باس لە کۆتایی نەتەوە دەکات و هەر لەو ڕۆژگارەشدا چاوەڕوانی ئەو کۆتاییە دەکات. ئەمە لەکاتێکدا ڕێنان ڕای وابوو کە

بوونی نەتەوە لەو ڕۆژگارەدا گرنگە و هۆکاری دڵنیابوونە لە هاتنەکایەی ئازادی. لای ڕێنان بوونی ژمارەیەکی زۆری نەتەوەکان لە جیهاندا مانای بوونی فۆرمی جیاوز بۆ ئازادی، چونکە ئەو پێیوابوو هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان بەجۆرێکی تایبەت و بە تێگەیشتنێکی تایبەت ئازادە، دەنا گەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوکات دەبێت هەموو دنیا لەژێر سایەی یەک نەتەوە و یەک یاسا و یەک دەسەڵاتدا بژی، ئەمەش لای ڕێنان مانای کۆتایهاتنی ئازادییە.

کارل دۆیچیش هەمان ڕای مارکس و ڕێنانی دەربارەی ئایندەی نەتەوە هەیە، ئەویش پێیوایە ڕۆژێک دێت کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم کۆتاییان پێدێت. بەڵام ئەو ئەم کۆتاییە دەبەستێتەوە بە ڕۆژگارێکەوە کە تێیدا بەشە جیاجیاکانی دنیا لەڕووی ئابووری و پیشەسازیەوە گەشەیەکی تەواویان کردبێت و هەژاری تا ڕادەیەکی زۆر لەناوچووبێت و ئاستی ژیانی تاکەکەس و گروهەکان تا ئەندازەیەکی باش بەرزبووبێتەوە و خوێندن و پەروەردە بە ڕادەیەکی زۆر بەناو هەمووواندا بڵاوبووبێتەوە. کە ئەمانە هەموویان ڕوویاندا ئەوکات ڕۆژگاری ناسیۆنالیزم کۆتاییدێت. بەر لەو ڕۆژگارە و بەر لە جێبەجێبوونی ئەو هەموو مەرجانە ناکرێت قسە لە کۆتایی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بکەین.

ئێریک هۆبزباومیش ڕای وایە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکە شوێنێکی ئەوتۆی لە ئایندەی مرۆڤایەتیدا نییە، دنیا بەرەو بەنێونەتەوەییبوون و بە یەکجیهانی بوون دەڕوات (Hobsbawm 1990, 1993). هۆبزباوم کە نموونە بۆ بەرگری لەم ڕایە دەهێنێتەوە، باس لەوەدەکات کە هیچ هێزێکی ناسیۆنالیستی لە ئەوروپادا ناتوانێت ڕێ بە یەکگرتنی ئەوروپا بگرێت. وەک چۆن لە شوێننانی دیکەشدا هیچ هێزێکی ناسیۆنالیستی ناتوانێ بەر بە یەکگرتنی بلۆکە ئابوورییە گەورەکانی دیکە بگرێت. سەرەڕای ئەمانە هۆبزباوم باس لەوە دەکات کە مرۆڤایەتی لەمڕۆدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بووەتەوە کە هیچ یەکێکیان کێشەی نەتەوەیی نین و ناکرێت لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا چارەسەربکرێن. بەڵام هۆبزباوم لەساڵی ٤٩٩١ دا و لە چاوپێکەوتنێکدا ئەم تێڕوانیانەی خۆی هاوسەنگتر دەکاتەوە و دەڵێت ئەوەی لەناو دەچێت شێوەیەکی تایبەتی ناسیۆنالیزمە، واتە شێوەی جودایی تەلەبی ناسیۆنالیزمە، بەڵام ئەو شێوانەی دیکەی ناسیۆنالیزم کە بەرگری لە کولتوور یان شووناسی نەتەوەیی دەکەن، یان بەدوای ئیعترافێکدا دەگەڕێن بۆ ئەو کولتوور و شوناسە، دەمێنن (Hobsbawm 1994). لە شیکردنەوەیدا بۆ هاتنەکایەی ئەو هەموو دەوڵەتە نوێیانەی دوای کەوتنی بلۆکی سۆڤیەت دروستبوون، هۆبزباوم ئەم دروستبوونانە وەک دەرکەوتی بەهێزبوونەوەی ناسیۆنالیزم نابینێت و ناسیۆنالیزم بەهێزی جوڵێنەری مێژوو ناناسێت. بەباوەڕی هۆبزباوم، لەپاڵ ئەویشدا بەبۆچوونی چارلس تیلی، ئەم لێکهەڵوەشاندنەوە و دروستبوونە نوێیانەی دەوڵەتی نەتەوەیی بە



کامڵگەیشتنی پرۆسێسێکی مێژووییە کە ڕێ لە کامڵبوونی گیرابوو. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە لەزۆر ڕووەوە لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دەچێت. (Tilly, 1993). (Hobsbawm, 1994)

لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، (کۆتایی مێژوو و دواهەمین ئینسان) فرانسیس فۆکۆیاماش بەرگری لەو ڕایە دەکات کە ناسیۆنالیزم ئایندەی نییە و لە ماوەی تەمەنی چەند نەوەیەکی داهاتوودا هەم خۆی و هەم دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو گرنگییەیان نامێنێت و ڕۆژگاری هەردووکیان بەسەردەچێت. ناسیۆنالیزم و نەتەوە سەر بە مێژوو و ڕابووردوی جیهانن و وابەستەی سەرەتاکانی هاتنەکایەی سیستمی سەرمایەدارین (Fukuyama, 1993)

هەندێکی دیەک هەن ڕایان وایە کە دەوڵەتی نەتەوەیی لەناوناچێت بەڵام ناتوانێت تاقە گەمەکەرێکی سیاسی و ئابوری و کولتووری دنیای سبەینێ بێت، لەپاڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا چوارچێوەی دیکە بۆتەماهیکردن و وەرگرتنی شووناس و خۆ پێناسکردن لەدایکدەبێت، کە چوارچێوەیەی بان ـ نەتەوەیی و ترانس ناسیۆنالن.

بەبۆچوونی من زەحمەتە ئەو دیدانەی سەرەوە دەربارەی مانەوە و نەمانەوەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی ڕەها قبووڵبکەین، دەشێت هەم ئەرگومێنتی بەهێزمان هەبێت بۆ مانەوەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، هەم ئەرگومێنتی بەهێزیش بۆ لاوازبوون و بە پاشکۆبوونیان. زەحمەتە بتوانین بە ڕەهایی هیچ یەکێکیان قبووڵکەین، دەشێت لە هەندێک ناوچەی جیهاندا ناسیۆنالیزم و نەتەوە بەرە و لاوازبوون بچن و ئەو ڕۆڵە نەبینن کە لە قۆناغەکانی پێشتردا بینیویانە، بەڵام دەشێت لە هەندێک شوێنی دیکەدا و بۆ ماوەیەکی درێژ ناسیۆنالیزم ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا ببینێت. بەڵام لە هەموو دۆخێکدا دنیای ئەمڕۆمان دنیای پەنجا ساڵ لەمەوبەر نییە، گۆڕانی گەورە گەورە لە زۆر بەشی جیاوازی زەویدا هاتۆتە کایەوە. ئەم گۆڕانانە بەشێوەیەکی گشتی ڕوویان لە کردنەوەی سنوورەکان و تێکەڵبوون و پشتبەستنی چەندلایەنەی کەرتە جیاوازەکانی جیهانە بە یەکدی. ئەمانەش گەر ناسیۆنالیزم لاواز نەکەن ئەوا کارەکتەرێکی تەواو جیاوازای پێدەبەخشن. لەزۆر ڕووەوە دەشێت خاڵی سەرەکی ئەو کارەکتەرە تازەیەی کە دەشێت ناسیۆنالیزم لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا وەریبگرێت گۆڕانیبێت لە ناسیۆنالیزمێکی ئەتنی و کولتوورییەوە بۆ بە ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی، واتە بارگاویبوونی بزاوتە ناسیۆنالیزتەکان بە مافە دەستووری و کولتوورییە کراوەکان و پشتبەستنیان بە چەمکەکانی هاوڵاتی دەستوری و مافی یەکسان و بنەما سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە لێرەدا شایانی ئەوەیە هێمایەکی خێرای پێبکەین ئەوەیە گەر ڕاستبێت نەتەوە زیاتر هۆکارە زاتییەکان دەیخولقێنێت، ئەوکات دەتوانین ئەنجامگیری بکەین و بڵێین بە نەمانی ئەم هۆکارە زاتییانە ئیدی نەتەوەش نامێنێت. گەر ڕەگەزەکانی بوونی نەتەوەیەک لەبوونی ئیرادە و ویست و خۆشەویستی و ئامادەگی بۆ قوربانی و شتی دیکەی لەم بابەتەدا ئامادەبێت، ئەوا هەریەکێک لەم ڕەگەزانە قابیلی نەمان یان پێچەوانەبوونەوەن. دەشێت نیشتیمان لە شوێنی خۆشەویستییەوە ببێتە شوێنی ڕق، لە شتێکەوە خۆتی بۆ بکەی بە قوربانی بگۆڕێت بۆ شتێک خیانەت و ناپاکی بەرامبەر بکەیت، دەشێت ویستی پێکەوەژیان بگۆڕێت بۆ ویستی لێکدیجیابوونەوە و نەفیکردن و شەڕی یەکدی کوژ، دەشێت ئازەر و ئەشکەنجە کۆییەکان هۆکاربن بۆ هەڵاتن لە نەتەوە و ناسیۆنالیزم، دەشێت زاکیرەی بەر لەنەتەوە و زاکیرەی گروهە کۆمەڵایەتییە بچووکەکان زاکیرەی نەتەوەیی لەناوببەن. بەکورتی هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە دەشێت ببنە سەرچاوەی فەخر و دڵشادی و بەختەوەری نەتەوەیی بگۆڕێن و بۆ سەرچاوەی ترس و بەدبەختی و لەعنەت لە نەتەوە.

### ٦. سەدەی بیستەم و ناسیۆنالیزم

نەتەوە ئایندەی هەبێت یان نەبێت سەدەی بسیتەم پێمان دەڵێت کە سەدەی ناسیۆنالیزمە. لە زۆر ڕووە دەشێت سەدەی بیستەم بە سەدەی ناسیۆنالیزم ناونووسبکەین. سەرەتا بەشێکی زۆری ساڵە درێژەکانی ئەم سەدەیە ڕۆژگاری پێکدادانی ناسیۆنالیستانە و بەرپابوونی چەندان جەنگی نەتەوەیی خوێناوییە. جارێک ئەم جەنگانە فۆرمی جەنگی ئیمپریالیستانە دەگرنە خۆیان، کە لە قووڵاییدا نەتەوەیەک بە مەبەستی بەهێزکردنی پایەکانی دەسەڵاتی خۆی پەلاماری سنوورەکانی دەرەوەی خۆی ئەدات. جارێکی دی فۆرمی جەنگی دژ بە ئیمپریالیزم دەگرنەخۆیان، کە ئەمیشیان جەنگێکە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەیی بەرپادەبێت. جاری سێهەمیش فۆرمی جەنگی دوو نەتەوەی دراوسێ لەگەڵیەکدا وەردەگرێت و جارێکی تر جەنگی دوو گروە یان چەند گروهێکی دینی و ئەتنی و کولتووریی ناو یەک دەوڵەت لەگەڵ یەکدا.

لە سەرێکی دیکەوە سەدەی بیستەم هەم لە سەرەتا و هەم لە ناوەڕاست و هەم لە کۆتاییەکەیدا ڕۆژگاری لەدایکبوونی کۆمەڵێک دەوڵەتی نەتەوەییە.

لە ئاستێکی دیکەدا سەدەی لەدایکبوونی بیرۆکەی «مافی چارەی خۆنووسینە» کە پیرۆزترین پرنسیپی سیاسی بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکانە. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە پرنسیپی مافەی چارەی خۆنووسین دەبێتە یەکێک لە گرنگترین پرنسیپە



سیاسییەکانی سەدەی بیستەم و هەم لە دنیای لیبراڵ و هەم لە دنیای کۆمۆنیزمدا گرنگییەکی زۆر پەیدادەکات. لە کەمپی لیبرالەکاندا وێلسن و لە کەمپی کۆمۆنیستەکاندا لینین دیارترین ناوێکن بەرگریان لە پرنسیپی مافی چارەی خۆنووسین کردبێت. وێلسن بیرۆکەی مافی چارەی خۆنووسین لە «کۆنفرانسی پاریس بۆ ئاشتی» ی ساڵی ٩١٩١ دا پێشنیاردەکات و لینینیش وەک یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی مارکسیزم باسیدەکات. بێگومان سەرچاوە ڕەسەنەکەی ئەم پرنسیپە لەناو فیکری مارکسیزمدایە و لە کۆبوونەوەی دووهەمی ئێنتەرناسیۆنالیزمی ساڵی ٦٨٩١ دا بڕیاری لەسەر دراوە (Van der Pijl 1995: 76).

بە باوەڕی وێلسن نەفیکردن و داپڵۆسین و ڕێگرتن بە شووناسی نەتەوەیی کارێکی نادیموکراسییە، بەپێچەوانەشەوە بەخشینی دەنگ بە هەموو ئەوانەی کە چەوساوە و ژێردەستن کارێکی دیموکراسیانەیە. ویلسۆن مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین لە دیدیکی دیموکراسییانەوە تەماشادەکات و ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە مەسەلەی پایەداربوون و گەشەکردنی بنەما و تواناکانی دیموکراسیەتەوە. هەرچی مارکسیزمە مەسەلەی مافی چارەی خۆ نووسین بە مەسەلەی نزیکبوونەوە لە سۆسیالیزمەوە دەبەستێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە سەدەی بیستەم سەدەی مەرگی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانە. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا سێ ئیمپراتۆریەتی بان نەتەوەیی و فرە ئەتنی و فرە کولتووری و لە کۆتاییەکەشیدا ئیمپراتۆریەتێکی ئایدیۆلۆژی، لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە. دوای هەڵوەشاندنەوەی هەر یەکێک لەو ئیمپراتۆریەتانە کۆمەڵێک دەوڵەت و بزاوتی نەتەوەیی لەدایکبوون کە ڕوخسارێکی ناسیۆنالیستانە بە سەدەکە دەبەخشن. ئەو ئیمپراتۆریەتانەش کە ناسیۆنالیزم لە سەدەی بیستەمدا لەناویبردن بریتین لە:

١ـ ئیمپراتۆریەتی هەنگاری ـ نەمساوی. ئەم ئیمپراتۆریەتە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و لە شوێنیدا دەوڵەتەکانی هەنگاریا و چیکۆسلۆڤاکیا دروستدەبن. ئەو هێزەی بەشە جیاجیاکانی ئەم ئیمپراتۆریەتەی بەیەکەوە دەبەستەوە ئاینی مەسیحی ـ کاتۆلیکی بوو.

٢ـ ئیمپراتۆریەتی ڕووسی. لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە دەوڵەتەکانی فیللەندە، پۆڵەندا، لیتوانیا و ئۆکرانیا دروستدەبن. پارچە جیاوازەکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەڕێگای کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسییەوە بەیەکدیەوە گرێدرابوون.

٣ـ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە سیربیا، بولگاریا، عێراق، سوریا دروستدەبن و بەڵێنێکی جێبەجێنەکراو و نائومێدیش بە دروستبوونی

دەوڵەتێکی کوردی لەسەر پەڕە کاغەزەکانی پەیمانی سیڤەر لە سویسرا دروستدەبێت، بەڵام هەرگیز جێبەجێناکرێت. ئەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەک یەکەیەکی سیاسی یەکگرتوو ڕاگرتبوو ئیسلام بوو.

٤ـ لە کۆتایی سەدەکەشدا ئیپراتۆریەتی کۆمۆنیزمی سۆڤێتی و یۆگۆسلاڤی. دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە ئایدیۆلۆژییە گەورەیەش لە کۆتاییەکانی سەدەکەدا دەوڵەتەکانی لیتوانیا، ئیستۆنیا، لاتڤیا دروستدەبن. کۆمۆنیزم بنەمای بەستنەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتانە بوو بەیەکەوە.

لەمڕۆشدا، واتە نزیکەی پازدە دەساڵێک دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە ئایدۆلۆژییەکانی سەدەکە، کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ هەن کە وادەکەن مەسەلەی ناسیۆنالیزم مەسەلەیەکی گرنگبێت و بە سەختی لە زۆر کایەی زانستی و فیکری و فەلسەفیدا ئامادەبێت و لەژیانی ڕۆژانەشدا ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێت لە بڕیار و کار و پەرچەکرداری سیاسیدا.

من لێرەدا تەنها پێنج هۆکاری سەرەکی بۆ گرنگی و هێز و ئامادەگی ناسیۆنالیزم دەستنیشاندەکەم:

١ـ هەڵوەشاندنەوەی دواهەمین ئیمپراتۆریەتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە سەدەی بیستەمدا، واتە هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنیزمی ڕوسی، بۆ کۆمەڵێک دەوڵەتی نەتەوەیی. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە لەزۆر ڕووەوە مانای کۆتاییهاتنی مۆدێلی «ئیمپراتۆریەتی ئایدیۆلۆژی» بوو دوای ئەوەی لە سەرەتای سەدەکەدا ئیمپراتۆریەتە ئاینییەکان کۆتاییانپێهات.

٢ـ بەرپابوونی چەندەها شەڕ و پێکدادانی ئەتنی و نەتەوەیی لە نەوەدەکانی ئەم سەدەیەدا، نەک تەنها لەدەرەوەی ئەوروپادا بەڵکو لەناو خودی ئەوروپا خۆشیدا. نموونەکانی ئیرلەندە، باسک، کاتالان و پێکدادانەکانی ئەم دواییەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات نموونەی ئەم جەنگانەن کە کۆتاییان بە ژیانی هەزاران ئینسان هێنا.

٣ـ هاتنەکایەی هەمەلایەنەی پرۆسەی جیهانگیریی وەک پرۆسەیەکی بان نەتەوەیی و دروستبوونی کۆمەڵێک پەرچەکرداری نەتەوەیی بەرامبەری.

٤ـ دروستبوونی بلۆکی ئابووری و سیاسی و کولتووری گەورە، بۆ نموونە، لەشێوەی «ئەوروپای یەکگرتوو» دا کەتێیدا لەپاڵ سەرەتاکانی دروستبوونی شووناسی بان نەتەوەییدا، شووناسی نەتەوەیی و ناوچەیی و لۆکاڵی داوای پاراستن و نەتواندەوە و لەناوچوون دەکەن.( لە ڕێکەوتنامەی ماستریختی ساڵی ١٩٩١ دا چەند بەندێک تەرخانە بۆ گرنگی پاراستنی کولتوور و شوناسە لۆکاڵی و نەتەوەییەکان)



٥ـ کۆچی بەردەوامی ملیۆنان ئینسان لەم بەشی زەوییەوە بۆ ئەو بەشەکەی دیکە، وەک دەرەنجامی ئەم کۆچەش هەم پەیدابوونی دیالۆگ لەنێوان شوناسە جیاجیاکاندا، هەم هاتنەکایەی ململانێ و پێکدادان لە مەسەلەی چۆنیەتی پاراستن و پێناسکردنی شووناسی ئەتنی و ئاینی و نەتەوەییدا.

ئەم خاڵانەن وادەکەن سەدەی بیستەم بە سەدەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ناونووسکەین.

تێبینی:

ئەم نووسینە بەشێکە لە نووسینێکی زۆر درێژتر کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لەشێوەی سێ موحازەرەدا لە تەلەفیزیۆنی میدیا لە بەلجیکا پێشکەشکرا، ئەوەی لێرەدا خوێنەر دەیخوێنێتەوە تەنها بەشی یەکەمە.

**سەرچاوەکان**


1-Anderson, Benedict R. O'G, Imagined communities, Reflections on the†Origin and Spread of Nationalism. Verso, USA 1991.
Barlin, Isa
2- Berlin, Isaiah, The sense of reality, studies in Ideas and thier history. PIMLICO, London 1996.
3- Fisher, H.A.L.: the Common Weal , London 1931)
4- Gellner, Ernest: Natie en Nationalisme. Wereldbibliotheek, Amsterdam 1994
5- Gellner, Ernest: Nationalism Weidenfeld & Nicolson London 1997
6- Hobsbawm, E.J : Nation and Nationalism since 1780: Programme, myth and reality. Cambridge: Cambridge University Press, 1990.
7-Hobsbawm, E.J. : Het nationalisme van vandag is een volsterkt nieuw fenomeen. De Groene Amsterdamer, 6 April 1994.
8- Jahanbegloo, Ramin, Conversations with Isaiah Berlin. Phoenix Press, London 2000.
9- Pfaff, W.: The Wrath of nations: Civilization and the furies of nationalism. New York: Simon and CHUSTER, 1993.
10- Pecora, Vincent P (edt).: Nations and identities: Blackwell USA 2001.
11- Smith, A. D. :Theories of Nationalism. London: Duckworth, 1971.
12- Smith A. D.: Sacred Territories and National Conflict, in (Israel: The First Hudered Years. Volume 1 (edt) Efraim Karsh:Frank Cass London 2000.
13- Tilly, Ch.: European revolutions 1492-1992. Oxford: Oxford University press, 1993.
14- Weerenburg, Leo: Nationalisme versus Europese integratie. Walburg Pers 1997Zupten.
15- Van der Pijl, kees, Wereldorde en Machtspolitiek, visies op de internationale betrekkingen van Dante tot Fukuyama. Het Spinhuis, Amsterdam 1992.